

# شۆڕشی ئەیلوول

## سنووری نیشتمانێک و ناسنامەی نەتەوەیەک



هەتا سنووری كوردستان وەك نیشتمانێك دیاری نەكرێت و كورد و كوردستانییەكان نەبنە خاوەنی ناسنامەی خۆیان وەك گەل و نەتەوە، ئەوا دەبێت دروشمی (كوردستان یان نەمان) هەر بەردەوام بێت. ڕەهەندی ئەم دروشمە تەنها ڕەهەندێكی حەماس ئامێز نییە بۆ هاندانی سۆزی نەتەوەیی، بەڵكو ئەوە بیروباوەڕی نەتەوەیەكە بۆ پێناسەی سەربەخۆیی و ئازادی و پەیوەندی بە سنووری نیشتمانێك و ناسنامەی نەتەوەیەكەوە هەیە.

هەربۆیە ئەگەر لەم دروشمەدا لەسەر وشەی كوردستان هەڵوەستە بكەین، ئەوا ئاشكرایە كوردستان وەك نیشتمانێك خاوەنی ئەو سنوورە جوگرافی و مێژووییەیە كە لە ناو بیروباوەڕ و قەناعەتی نەتەوەیەكدا سنوورەكەی ئاشكرایە، لەمەش گرنگتر ئەم دروشمە وەك ئەڵقەیەك مێژووی نەتەوەی پێكەوە گرێداوەتەوە. بە واتایەكی دیكە شۆڕشی ئەیلول، شەڕی بەردەركی سەرای سلێمانی گرێداوەتەوە بە سەرەتای شۆڕش، سەبارەت بەم لایەنە مامۆستا محەممەدی مەلاقادر لە دیمانەیەكی تایبەتی گوڵان كە لەم ژمارەیە بڵاوبۆتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە شۆڕشی ئەیلول بە مانگرتنی سەرتاسەری كوردستان لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ١٩٦١ لە یادی شەڕی بەردەركی سەرای سلێمانی دەستی پێكرد، بەڵام بۆیە ١١ی ئەیلول كرا بە ڕۆژی دەستپێكردنی شۆڕش، لەبەر ئەوەی حكومەتی عێراق لەو ڕۆژەدا هەموو هێزەكانی بۆ هێرشكردنە سەر كوردستان بەكارهێنا.

**● سنوور و ناسنامە**

فەلسەفەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازان دروستكردنی گۆڕانكاری شۆڕشگێڕانەیە بەسەر ئەو چەمك و بیر و باوەڕانەی پێشتر لای نەتەوە جۆشی سەندووە، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی چەمكێكی نوێدا بەشێوەیەكی شۆڕشگێڕانە فۆرمەلەی بكاتەوە، هەربۆیە دروشمی زۆربەی زۆری شۆڕشە ڕزگاریخواز و ئازادیخوازەكان شێوازێكی میللی گەرانە وەردەگرێت و جۆرێك لە نەزمی پێكەوەگونجانی وشەكان دەردەكەوێت، ئەمەش سروشتی هەموو شۆڕشەكانە كە دروشمەكانیان بە خۆڕسكی و لە ناخی خەڵكەوە لە دایك دەبێت، لەم ڕاستەوە ئەگەر سەیری دروشمی (كوردستان یان نەمان)ی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بكەین، دەبینین ئەم دوو وشەیە (كوردستان و نەمان)، دوو وشەن كە نەزمێكی پێكەوە گونجانیان هەیە و هەروەها جۆرێك لە هاوتائاوازی پێكەوە كۆیان دەكاتەوە، بەڵام گەورەیی ئەم دروشمە لەوەدایە كە هەموو فەلسەفەی شۆڕشی ئەیلوول و هەموو خواست و ئاواتی نەتەوەی كورد و تەواوی كوردستانییەكانی لەناخی خۆیدا كۆكردۆتەوە و دەكرێت تەنها لەم دوو وشەیەوە تەواوی فەلسەفەی شۆڕشەكە و هەموو خواست و ئاواتی خەڵكی كوردستانی تێدا بدۆزینەوە، لێرەوە گرنگە بۆ ئەم باسە بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پێش دەستپێكردنی شۆڕشی ئەیلوول كە لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەكەین:

١- دوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی و ڕاگەیاندنی كۆماری عێراق، دەستووریی كاتیی عێراق ڕاگەیەندرا، لەم دەستوورە كاتییەدا و لە ماددەی ٣ عێراق وەك نیشتمانی هاوبەشی كورد و عەرەب پێناسە كراوە، لەبەرامبەر ئەم گۆڕانكارییەی لە باردۆخی سیاسیی عێراق دروست بوو، لایەنی كوردی پێشوازی لەم گۆڕانكارییە كرد و هەروەها بارزانی نەمریش كە ئەو كات لە یەكێتی سۆڤیەت بووە، پشتگیری كردووە و پارتی دیموكراتی كوردستانیش ئامادە بووە وەك پارتێكی سیاسی هەم مۆڵەت وەربگرێت، هەم بە شێوەیەكی سیاسییانەش بەشداری لەو گۆڕانكارییانەدا بكات.

٢- ئەگەر حكومەتی عەبدولكەریم قاسم پابەند بوایە بە دەستوورە كاتییەكەی خۆی و ئەو بەندەی جێبەجێ بكردایە كە عێراق نیشتمانی هاوبەشی كورد و عەرەبە، ئەوا كورد ناچار نەدەبوو پەنا بۆ شۆڕش بەرێت، بەڵام پاش ئەوەی حكومەتی عێراق لەمە پاشگەز بووەوە، ئەوا وەڵامدانەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان دووبارە زیندووكردنەوەی شەڕی بەردەركی سەرای ساڵی ١٩٣٠ی شاری سلێمانی بوو، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر حكومەتی عێراق ئامادە نەبێت، دان بە كوردستاندا وەك نیشتمانێك بۆ كوردستانییەكان بنێت، ئەوا كوردستانییەكانیش نایانەوێت بەشێك بن لەو عێراقەی كە لە ساڵی ١٩٣٠ هەموو پەیمانەكانی كۆمەڵەی گەلانی پێشێل كرد و بێ ئەوەی پرس بە كورد بكرێت، بەزۆر باشووری كوردستان بە عێراقەوە لكێنرا.

كەواتە ئەم دوو خاڵە پێمان دەڵێت: پەیامی (كوردستان یان نەمان)ـەكەی شۆڕشی ئەیلوول، دوو ڕەهەندی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی لەخۆیدا چڕكردۆتەوە كە ئەوانیش بریتین لەوەی كوردستان وەك نیشتمان خاوەنی سنووری جوگرافی و مێژووی خۆی بێت و گەلی كوردستانیش ناسنامەی خۆی هەبێت، لەبەرامبەریشدا ئەگەر دوژمنانی كوردستان نەیانەوێت ئەم هەقیقەتە بسەلمێنن، ئەوا كورد ئامادەیە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا واز لە ژیان بهێنێت و مردن هەڵبژێرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە دروشمی كوردستان یان نەمان،

**بارزانی نەمر وەک ڕێبەری شۆڕشەکە، هەر لە سەرەتاوە لەشکری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی وەک سوپای بەرگریی کوردستان دامەزراندووەو ئامانجی لەم سوپایەی کوردستان ئەوە بووە کە دوور بێت لە سیاسەت و تەنها ئەرکی پاراستنی کوردستان و وجوودی گەلی کوردستان بێت**

**شۆڕشی ئەیلوول کە مانا گەوهەرییەکەی دروشمەکەی (سنووری نیشتمانێک و ئیرادەی نەتەوەیەک) و خۆی لە (کوردستان یان نەمان) دا بەرجەستە کردووە، دروشمی ئێستاشمان دەبێت و هەر بەو دروشمەش ئایندەمان دیاری دەکەین**

پێناسەکردنی کوردســـتانە لەچەند ڕەهەندێکەوە، پێش هەمووان نەخشەی سیاسیی کوردستانە کە لە دروشمەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها دەبێت ئەو کوردســـتانە ئازاد و سەربەخۆ بێت، بەو ئاســـتەی شایستەی سەرفرازی گەلی کوردستان بێت.

**● هاوتاکردنی ئازادی و ژیان**

ئەو ناو و ناوبانگەی ئێســـتا پێشـــمەرگە هەیەتی، لەسەر ژێرخانی ئەو ئیرادەیە دروست بووە کە پێشمەرگە شۆڕشی ئەیلوولی پێ هەڵگیرساندووە، ئەو ئیرادەیەشی پێشـــمەرگە شۆڕشـــی ئەیلوولی پێ هەڵگیرساندووە هاوتاکردنی ئازادی بووە بە ژیان و هاوتاکردنی مەرگ بووە بە ژێردەســـتەیی، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە شۆڕشـــی ئەیلـــوول، ئەو نەعرەتەیە بوو کە بـــە دەنگی بڕنەو بە هەموو داگیرکارانی کوردســـتانی ڕاگەیاند: یان ئازاد دەبین وەك هەموو گەلانی ئازادیخواز، یان ئەوەیە مردن هەڵدەبژێرین، نەك چەوسانەوە و ژێردەستەیی.

ئەوجا لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بە خوێنی خۆی ئازادی هاوتاکرد بە ژیان، ئەوا لەو کاتەوە تاوەکو ئێستاش ئەمە بۆتـــە بازنەیەك و ئەوەی خۆی لە بەرەی گەل و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا بینیبێتەوە، ئەوا ئەم میتۆدەی خوێنی پێشمەرگە بۆتە میتۆدی هەموو شۆڕشەکان و شۆڕشگێڕان و بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسییانەوە درێژەیـــان پێداوە. هەر ئەمـــەش وایکردبوو کە جگە لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان و لەناو هێزی پێشمەرگەی شۆڕشـــی ئەیلوولدا، حزبە سیاسییەکانی دیکەش بەتایبەتی حزبی شـــیوعی عێراق و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی کـــوردی و خەڵکانی بێلایەنیش لە ناو لەشکری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانی نەمر پێشـــمەرگە بوون و هەموو لایەك پێکەوە خوێنی لە سەنگەری پێشمەرگەدا دەڕژا.

کەواتـــە مانا و پێناســـەی پێشـــمەرگە وەك ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول هەر لەسەرەتاوە بە خەڵکی کوردستانی ئاشـــنا کردووە و خەڵکی کوردستانیش هەر بەو گیان و خۆشەویســـتییە باوەشی بۆ پێشـــمەرگە کردۆتەوە، ئەوەیە کە پێشـــمەرگە وەك سوپای پارێزەری کوردستان هەموو کات ئەرکێکی لەسەر شان بووە کە لە سەرووی تێڕوانینی سیاســـییەوە بووە، ئەو ئەرکەش پاراســـتنی کوردســـتان بووە، بۆیە شتێکی ئاســـاییە لەنێو لایەنە سیاسییەکاندا بۆچوونی سیاسیی جیاواز هەبێت، بەڵام ناکرێت لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك سوپای بەرگریکاری کوردســـتان و لەسەر پاراستنی کوردستان بۆچوونی جیاواز، یان کێشەی سیاسی بوونی هەبێت.

ئەم لایەنە بۆ ئەمڕۆ کە کوردســـتان لە شـــەڕێکی قورسدایە دژی تیرۆریستانی داعش و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کە جارێکی دیکە لەهەموو بەرەکانی شەڕ لە شـــەنگالەوە تا جەلەولا دووبارە بە کردەیی دروشمی کوردســـتان یان نەمانی بەرزکردۆتەوە و خۆی کردۆتە قەڵغانی پاراستنی ســـنوورەکانی کوردستان، ئەوا زۆر گرنگە ئەم سوپایەی کوردستان لە سەرووی بیروبۆچوونە سیاســـییە جیاوازەکانەوە ســـەیر بکرێت و کەس زاتی ئەوە ناکات ناوی پێشـــمەرگە لە چوارچێوەی حزبێکی سیاسی، یان بۆ مەرام و دەسکەوتی سیاسیی گەمەی لەگەڵدا بکات، ئەم ئاوڕدانەوەیە لە شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆچوون بە قوڵایی هەیکەلییەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناو شۆڕشـــی ئەیلوولدا، ئەوەمان پێدەڵێت کە بارزانـــی نەمر وەك ڕێبەری شۆڕشـــەکە، هەر لە سەرەتاوە لەشکری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی وەك سوپای بەرگریی کوردســـتان دامەزراندووەو ئامانجی لەم ســـوپایەی کوردســـتان ئەوە بووە کە دوور بێت لە سیاســـەت و تەنها ئەرکی پاراســـتنی کوردســـتان و وجوودی گەلی کوردســـتان بێت، بۆیە لە ئێستاشدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە کردەیی هەنگاوی بۆ ئەوە هەڵگرتووە ببێتە هێزێکی پێشەنگ لە شەڕی دژە تیرۆریستاندا، گرنگە ئەم هێزە بە کردەیی ببێتە سوپای کوردســـتان و بە هەمان گیانی شۆڕشـــی ئەیلوول لە سەرووی سیاسەتەوە ئەرکی بەرگریکردنی لە کوردستان و بەرگریکردن لە ئازادی جێبەجێ بکات.

**● شەڕی دژە تیرۆریستان**
**بەهەمان گیانی پێشمەرگەکانی ئەیلوول**

ئەگەر شـــەڕی دژ بە ڕێکخراوە تیرۆریســـتییەکان بۆ هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان وەك شـــەڕێکی ڕاســـتەوخۆی بەرفراوان، شـــەڕێکی تـــازە بێت، ئەوا دژایەتی گەلی کوردســـتان و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلـــوول و لە ســـەرووی هەمووشـــیانەوە بـــۆ تیرۆر و تیرۆریســـتان و تیرۆری دەوڵەتی تـــازە نییە و هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە، شۆڕش دژی تیرۆر و تیرۆری دەوڵەتی بووە، هەر بۆیە شۆڕشی ئەیلوول وەك تەنها شـــۆڕش لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی جیهانیش بە هەردوو شۆڕشـــی (ئەمریکا و فەرەنسا)شەوە، تەنها شـــۆڕش بووە کە پەنای بۆ کاری تیرۆری بەکۆمەڵ و کوشتنی خەڵکی مەدەنی نەبردووە.

هەربۆیـــە کاتێك لـــە ١١ی ســـیپتەمبەری ٢٠٠١ تیرۆریســـتان هێرشیان کردە ســـەر هەردوو باڵاخانەی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهان لە نیۆیۆرك، ســـەرۆکی کوردستان بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەگەر جیهان لە ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١ـەوە هاوپەیمانی خۆی بۆ شەڕی

**سەرۆکی کوردستان بە جیهانی ڕاگەیاند، ئەگەر جیهان لە ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١ـەوە هاوپەیمانی خۆی بۆ شەڕی دژە تیرۆر ڕادەگەیەنێت، ئەوا گەلی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ـەوە خۆی لەبەرەی دژەتیرۆردا بینیوەتەوە**

**هەتا کوردستان بەشێک بێت لەو ژینگە نائارام و ڕقاوییەی عێراق دژی کوردستان بەرهەمی دەهێنێت، ئەوا دوای لەناوچوونی تیرۆریستانی داعشیش ئەو مەترسییە هەر دەمێنێت کە لە فۆرمی دیکەدا هەمان ڕق بەرامبەر کوردستان دروست ببێتەوە**



**زۆر گرنگە ئەم سوپایەی کوردستان لە سەرووی بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکانەوە سەیر بکرێت و کەس زاتی ئەوە ناکات ناوی پێشمەرگە لە چوارچێوەی حزبێکی سیاسی، یان بۆ مەرام و دەسکەوتی سیاسیی گەمەی لەگەڵدا بکات**

دژە تیرۆر رادەگەیەنێت، ئەوا گەلی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ـەوە خۆی لەبەرەی دژەتیرۆردا بینیوەتەوە و لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکانی عێراق هەموو کارێکی تیرۆر و تیرۆری دەوڵەتییان دژی گەلی کوردستان و شۆڕشی کوردستان پیادە کرد، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە ژێر کاریگەری کاردانەوەی رەفتارە دڕندەکانی رژێمەکانی عێراق پەنای بۆ کاری هاوشێوە نەبرد و خەڵکی مەدەنی و سڤیلی پاراست و نەیهێشت ئاراستەی شەڕەکە لەشەڕی نێوان ئازادیخوازان و رژێمە سەرکوتکارەکانەوە بۆ شەڕی نێوان کورد و عەرەب بگۆڕێت.

بۆیە لەم راستەوە شەڕی داگیرکاران بەرامبەر بە گەلی کوردستان هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەتا ئێستا شەڕێك بووە نییەتێکی تیرۆریستانەی لە پشتەوە بووە و ئەو رق و قینەی بەرامبەر کوردستان هەیانبووە، هەمووکات لە فۆرمی توندوتیژییەکی نوێدا بەسەر گەلی کوردستاندا باراندوویانە، مەسەلەی سەرەکیش ئەوەبووە کە گەلی کوردستان هەموو کات لە پێناوی ئازادیدا ئامادەبووە گیانی خۆی ببەخشێت. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت لەوە دڵنیابێت، هەتا کوردستان بەشێك بێت لەو ژینگە نائارام و رقاوییەی عێراق دژی کوردستان بەرهەمی دەهێنێت، ئەوا دوای لەناوچوونی تیرۆریستانی داعشیش ئەو مەترسییە هەر دەمێنێت کە لە فۆرمی دیکەدا هەمان رق بەرامبەر کوردستان دروست ببێتەوە.

رژێمەکانی پێشووی عێراق بۆ ئەوەی شەرعییەت بۆ قڕکرانی کورد و داگیرکردنی کوردستان بدۆزنەوە، زۆر جار پەنایان بۆ ئەوە بردووە کە هەموو کورد بە کافر لە قەڵەم بدەن و شەڕی سەپێنراویان بەسەر کوردستاندا بەرگێکی ئایینی بەبەردا بکەن، بۆیە ئێستا کە



دەبینین تیرۆریستانی داعش بە ناوی ئایینەوە کوردانی ئێزدی کۆمەڵکوژ دەکەن و ماڵیان داگیردەکەن و ژن و کچەکانیان وەك دەسکەوتی شەڕ دەبەن، ئەوا پێشتریش داگیرکاران چەند بۆیان کرابێت ئەو کارەیان کردووەو بە هەمانشێوەش ناوی ئایینییان بۆ ئەو هێرشانە هەڵبژاردووە کە شار و گوندەکانی کوردستانیان پێ کاول کردووە، هەروەها لە ژێر ناوی ئایەتەکانی قورئاندا پرۆسە بەدناوەکانی (ئەنفال)یان ئەنجامداوە، بۆیە هەوڵدان بۆ قڕکردنی کورد لە ژێر پەردەی بیری شۆڤێنی عەرەبی، یان بەکارهێنانی چەمکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ شەرعییەتدان بە قڕکرانی کورد، کارێکی تازە نییە و هەموو ئەوانەی کە هەڵگری بیری شۆڤینیزمن وەك کارگەی هاوشێوەی تیرۆریستانی داعش هەمان رق و کینە لە فۆڕمی جیاوازدا دژی کوردستان و گەلی کوردستان بە بەردەوامی بەرهەم دەهێنن.

لەم راستەوە کە ئەم مەترسییە لەسەر کوردستان و خەڵکەکەی مەترسییەکی بەردەوام بێت و هەمووکات چاوەڕوانکراو بێت، ئەوا گرنگە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش هەمیشە ئەو سوپا کارامە و لێهاتووە بێت و قەڵغانی پاراستنی کوردستان و گەلەکەی بێت. گرنگە هەموو لایەك بەو چاوە سەیری ئەم واقیعە بکەین کە ئەم شەڕەی رووبەڕووی کوردستان و گەلەکەی بۆتەوە، شەڕێکی داسەپاوەو چۆن لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە کورد حەزی لەشەڕ نەبووەو بەزۆر شەڕی بەسەردا سەپێنراوە، ئەوا ئێستاش دەبێت شەڕی تیرۆریستانی داعش وەك ئەو شەڕە سەپاوانە سەیر بکرێت کە بە درێژایی مێژوو بەسەر کوردستان و گەلی کوردستاندا سەپێنراوە، ئێستاش بۆ هەموو جیهان بەکردەیی دەرکەوتووە کە گەلی کوردستان هەرگیز شەڕخواز نەبووە، بەڵام شەڕەو بەری

**شۆڕشی ئەیلوول، ئەو نەعرەتەیە بوو کە بە دەنگی بڕنەو بە هەموو داگیرکارانی کوردستانی راگەیاند: یان ئازاد دەبین وەک هەموو گەلانی ئازادیخواز، یان ئەوەیە مردن هەڵدەبژێرین، نەک چەوسانەوە و ژێردەستەیی**

دەرگای پێگرتووین. وەك پەنـــدە كوردییەكەش دەڵێت: (كە شـــەڕ بەری دەرگای پێگرتیت، ئەگەر نەیكەی، خوا دەتگرێت)، بۆیە ئێســـتاش دەبێـــت هەموو لایەك بەو قەناعەتەوە سەیری ئەم شەڕەی كوردستان لەگەڵ تیرۆریســـتانی داعش بكەین، بەوەی شەڕێكە هەڕەشە لە وجود و كەرامەتی نەتەوەییمان دەكات. ئەوەی بەسەر برا ئێزدییەكانیان هێنا لە شەنگال و ناوچەكانی دیكە، بۆیان بكرێت هەموو كوردستانییەكان بە جیاوای ئایین و نەتەوەوە بەهەمـــان دەرد دەبەن، بیانووی داگیركەران بۆ نەمانی كوردان، تەنها ناســـنامەی كوردبوونە، بۆیە ئێستا كە بۆ برا ئێزدییەكان ئاماژە بە بوونی ئایینێكی جیـــاواز دەكەن، ئەوا ئەو ئاماژەیـــە تەنها ئاماژەیەكی بێ مانایە و ئەو ســـووكایەتی و دڕندەییەی بەرامبەر ئێزدییـــەكان ئەنجامیاندا، تەنها یـــەك هۆكاری هەیە، ئەویش كوردبوونی ئێزدییەكانە.



### ● ڕەهەندە سیاسییەکانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ ئێستامان

لە شەشی ئایاری ١٩٧٥ دوای ئەوەی بە پیلانێکی نێودەوڵەتی هەوڵدرا کورد تەسلیمی ئیرادەی داگیرکەران بێت، شۆڕشی ئەیلوول نەمانی هەڵبژارد نەك تەسلیمبوون بەئیرادەی داگیرکەران، یان وازهێنان لە بستێك لە خاکی کوردستان، لەسەرووی هەمووشیانەوە کەرکووکی دڵی کوردستان. ئەمەش مانای ئەوەیە دواپەیامی سیاسیی شۆڕشی ئەیلوول بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان ئەوەیە، کاتێك پرسی چارەنووسی گەلی کوردستان گەیشتە ئەو دووڕیانەی لە نێوان نەمان و تەسلیمبوون بە ئیرادەی دوژمنان و داگیرکەران یەکێکیان هەڵبژێرین، ئەوا نابێت دوودڵ بین لەوەی کامیان هەڵدەبژێرین، لەبەر ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول نەمانی هەڵبژاردووە، نەك تەسلیمبوون بە ئیرادەی داگیرکەران.

ئەم وانە گەورەیەی شۆڕشی ئەیلوول هەم بۆ خۆمان وەك گەلی کوردستان وانەیەکی گرنگ و مێژووییە، هەمیش بۆ داگیرکارانی کوردستان، یان ئەو رژێمانەی بیر لەوە دەکەنەوە، یان چاوەڕێی ئەوە دەکەن گەلی کوردستان واز لە داوا رەواکانی بێنێت و تەسلیمی ئیرادەی دوژمنان بێت. بۆیە ئەم لایەنە گرنگە هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ دیراسەتی وردی لەسەر بکرێت، هەمیش لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتیش، بەتایبەتی ئەو هێز و دەوڵەتانەی دەیانەوێت بەشداربن لەچارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لەناوچەکەدا، گرنگە بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەکرێت کورد و کێشەکەی ببنە کلیلی سەقامگیری لە عێراق و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەهەمانکاتدا ئەگەر ئەم کێشەیەش ئاستەنگی بۆ دروست بکرێت و لە چارەسەری راستەقینە دوور بخرێتەوە، ئەوا نە عێراق و نە تەواوی ناوچەکەش سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت.


بەداخەوە لە ئێستادا کە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەوپەڕی ناسەقامگیری و ئاڵۆزی گوزەران دەکات، چەندین کێشەی ستراتیژی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، بەتایبەتیش کێشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، هەست دەکەین ئێستاش ئەو ئەقڵییەتەی بە درێژایی زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، یاخود ئاستەنگی جۆراوجۆری بۆ دروست بکەن و فێڵ لە سیاسەت و پرۆسەی سیاسی بکەن، هەمان ئەقڵییەت درێژەی هەیە و ئێستاش دەیانەوێت لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەتی خۆیان درێژە پێبدەن کە دوژمنایەتی کوردستان و مافی گەلی کوردستان بکەن و زۆر جاریش ئەم دژایەتیکردنەی خەڵکی کوردستان وەك کارتێکی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار دەهێنن!

بۆیە ئەگەر ئەوانەی ئێستا لە بەغدا دەسەڵاتدارن، ئاگاداری ئەو مێژووە بن کە لەسەر چ بنەمایەك شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا، بەتایبەتی کە هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول پەشیمانبوونەوەی رژێمی ئەو کاتی بەغدا بووە لە دەستووری کاتی، ئەوا ئێستا هیچ کامیان زاتی ئەوەیان نەدەکرد دووبارە دەستووری عێراق پێشێل بکەن و چاوشارکێ لەگەڵ مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بکەن.

> **دروشمی کوردستان یان نەمان، پێناسەکردنی کوردستانە لەچەند ڕەهەندێکەوە، پێش هەمووان نەخشەی سیاسیی کوردستانە کە لە دروشمەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها دەبێت ئەو کوردستانە ئازاد و سەربەخۆ بێت، بەو ئاستەی شایستەی سەرفرازی گەلی کوردستان بێت**

ئەوەی لێرەدا گرنگە دووبارە جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەو هۆکارە سەرەکییەیە کە شۆڕشی ئەیلوولی لەسەر هەڵگیرسا، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو هۆکارە هەر وەك خۆیەتی و چارەسەر نەکراوە، بۆیە شۆڕشی ئەیلوول کە مانا گەوهەرییەکەی دروشمەکەی (سنووری نیشتمانێك و ئیرادەی نەتەوەیەك) و خۆی لە (کوردستان یان نەمان)دا بەرجەستە کردووە، دروشمی ئێستاشمان دەبێت و هەر بەو دروشمەش ئایندەمان دیاری دەکەین.





محەمەدی مەلا قادر بۆ گوڵان:

# شۆڕشی ئەیلوول وەڵامدانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو لەسەر پێشێلکردنی ماددەی ٣ی دەستووری کاتیی عێراق



**شۆڕشی ئەیلوول تەنها شۆڕشێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی چەکداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریش بوو. ئەم شۆڕشە وەرچەرخانی لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دروستکرد، ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆی هێنایەئاراوە کە سنوورەکان نەتوانن چیتر لەبەردەم گوتاری سیاسیی کوردستاندا ڕێگر بن، بۆیە ئەگەر شۆڕشی ئەیلوول لە ڕووی سەربازییەوە تەنیا لە باشووری کوردستان چالاکی پێشمەرگانەی ئەنجامدابێت، ئەوا لەسەر ئاستی سیاسیی ناوچەیەکی ئازادکراو بوو بۆ بۆ کامڵبوونی بیری نەتەوەیی و جۆشدانی خەباتی سەرتاسەری. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم شۆڕشە مەزنە و لەم بۆنەیەدا سەردانی پێشمەرگەی دێرین (مامۆستا محەمەدی مەلا قادر)مان کرد، کە وەك خۆی لەم دیمانەیە ئاماژەی پێکردووە لە ساڵی ١٩٥٨ـەوە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو لەناو پارتیشدا چەندین بەرپرسیارێتی هەتا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بڕیوە، هەروەها یەکێکە لەو تێکۆشەرانەی کە ئاگاداری دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوولە ولەساڵی ١٩٦٤یشەوە تا ئێستا پێشمەرگەیە و سەبارەت بەو شۆڕشە مەزنە و یادەوەرییەکانی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

*** لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی و بوونی عێراق بە کۆماری بارودۆخێك هاتەپێشەوە بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێت، بارزانیی نەمریش پشتگیریی خۆی بۆ کۆماری عێراق ڕاگەیاند، بۆچی دوای ئەو بارودۆخە شۆڕش دەستی پێکرد؟**

- عەبدولکەریم قاسم کەسێکی سەربازی و ئازادیخوازیش بوو، سەرۆکی ئەفسەرانی ئازادیخواز بوو، ئەم ئەفسەرانە ڕێکخراوێك بوون، ئەوە بوو لەشەوی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لەو کاتەی لیواکەی عەبدولکەریم قاسم بڕیار بوو بگوازرێتەوە بۆ ئەردەن بۆ ئەوەی شەڕی ئیسرائیل بکەن، بەڵام هەر ئەو شەوە بڕیار دەدەن لیواکەیان لە بەعقوبەوە ڕوو بکاتە بەغدا و لە سێ قۆڵەوە هێرش بکەنە سەر کۆشکی پادشایەتی و وەزارەتی بەرگری و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، دیارە لەو کودەتایە سەرکەوتن و کۆتایی بە ڕژێمی پادشایەتی هات، کۆماری عێراق ڕاگەیەنرا، لەدوای ئەمە پشتگیرییەکی گەورەی جەماوەری لە هەموو لایەکەوە لێکرا، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە لە کودەتایەکی سەربازییەوە بگۆڕێت بۆ شۆڕش، لەدوای ئەم سەرکەوتنە لە ماوەی مانگێك، یان ٤٠ ڕۆژدا دەستوورێکی کاتییان ڕاگەیاند و لە ماددەی ٣ی دەستوورە کاتییەکە هاتووە: (کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا)، ئەم ماددەیە لەلایەن بەعس و شۆڤێنییەکانەوە زۆر دژایەتی دەکراو بە عەبدولکەریم قاسمیان دەگوت: (قاسم العراق) واتە عێراقی دابەشکردووە، بۆیە دوای ئەمە لە سۆڤیەتیشەوە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی برووسکەی پشتگیریکردنی بۆ عەبدولکەریم قاسم و نەجیب ڕوبەیعی نارد، لە برووسکەکەدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئامادەیە بگەڕێتەوە و خزمەتی وڵاتی خۆی بکات، سەبارەت بەم برووسکەیەی جەنابی مەلا مستەفا ئەوان کەوتنە دیراسەتکردن، لەو کاتە باڵەکانی بەعس و قەومییەکان دژی هاتنەوەی مەلا مستەفا بوون، بەڵام حەرەکەی وەتەنی و شیوعییەکان کە ئەو کات باڵادەست بوون لە ئەنجومەنی وەزیران و دادگای شۆڕش، لایەنگیری ئەوە بوون جەنابی مەلا مستەفا لە سۆڤیەتەوە بگەڕێتەوە. ئەوە بوو لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ جەنابی مەلا مستەفا بە فڕۆکەیەکی تایبەت کە جەمال عەبدولناسر بۆی ئامادە کردبوو، گەڕایەوە بۆ بەغدا و لە فڕۆکەخانەی موسەننا دابەزی، بەڵام پێشوازییەکی جەماوەری هێندە گەورەی لێکرا کە پێشتر وێنەی نەبووە،

ئەوکات لە رۆژنامەکاندا بە ٣٠ هەزار کەس مەزندە کرابوو کە بەغدا هەمووی نەدەگەیشتە چەند سەد هەزارێك، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوانەی پێشوازییان لە هاتنەوەی جەنابی بارزانی کرد، هەموویان کورد نەبوون، بەڵکو جەماوەرێکی زۆری عەرەبی عێراقیش چووبوونە پێشوازیکردنی، هەر لەو بۆنەیەدا یەك ملیۆن رەسمی بارزانی لە چاپخانەی (دارالشعب) چاپکراو بڵاوکرایەوە، بۆ ئەوەی هەموو خەڵك وێنەی مەلا مستەفای دەست بکەوێت، ئەمەش نیشانەی خۆشەویستیی مەلا مستەفا بوو لەو سەردەمەدا.

*** ئەو بارودۆخەی کە لەسەرەتای ١٤ی تەمموز هاتەئاراوە، بۆچی تێکچوو؟ هەروەها بۆچی عەبدولکەریم قاسم درێژەی بەو هەنگاوانە نەدا؟**

- عەبدولکەریم قاسم وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد کەسێکی زیاتر سەربازی بوو، حزبی سیاسی نەبوو، بەڵام جەماوەری هەبوو و سوپا پشتگیری دەکرد، بەڵام هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەمیش لەسەر ئاستی دەرەوە دوژمنی زۆر بوو، بەتایبەتی لە ناوخۆ بەعسییەکان و قەومییەکان زۆر دژی بوون، لەسەر ئاستی دەوروبەر ئوردن دوژمنی بوو، هەروەها ئەمریکا و بەریتانیا دژی بوون وەك سەر بە سۆڤیەت لە قەڵەمیان دەداو سۆڤیەتیش پشتگیری دەکرد، بۆیە ئەم بارودۆخە بووە هۆکاری ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم بارودۆخەکەی لێتێکچوو، پێش هەمووان لەگەڵ شیوعییەکان تێکیدا، بووە دژی شیوعییەکان و شیوعییەکانیش بوون بە دژی قاسم، دوای ئەوەش کەوتنە دژایەتی جەنابی مەلامستەفا بارزانی، ئەوەش بە تەواوەتی دوای ئەوە رەنگیدایەوە کە حزبی شیوعیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٦٠ جەنابی (بارزانی)یان داوەتکردبوو بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆڤیەت ئامادە بێت، دوای ئەو سەفەرەی بارزانی و گەڕانەوەی بۆ کوردستان ئیتر بە تەواوەتی کەوتنە دژایەتی بارزانیی نەمر، لەو ماوەیەدا بارزانی هەوڵیدا ئەو دژایەتییە نەهێڵێت، بەڵام لەناو ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەتی بە کاریگەریی بەعس و قەومییەکان بارەکە ئاڵۆزتر بوو، بۆیە بارودۆخەکە هەم دژی عەبدولکەریم قاسم توند بوو، هەمیش دژی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. بارودۆخەکە گەیشتە ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریدا لە رۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان بکرێت و مانگرتنەکەش وەك یادکردنەوەیەك بوو بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا، ئەو رۆژەی کوردستان بە رەسمی بووە بەشێك لە عێراق، ئەوکات من لە دووگردکان لە دەشتی هەولێر مامۆستا بووم و ئەندامی لیژنەی جووتیاران بووم، ئەوکات ئێمە لە حزب پێمان راگەیەنرا رێگەی کەرکووك - هەولێر بگرین، بۆ ئەوەی هاتووچۆ نەبێت و لەناو شاریش مانبگرین، ئەوە بوو هەم رێگەکەمان گرت، هەمیش لەناو شار مانگرتن ئەنجامدرا، بەمەش بووە مانگرتنێکی سەرتاسەری لە کوردستان و هەموو رێگەکانی نێوان هەولێر - کەرکووك، کەرکووك - سلێمانی، هەولێر - موسڵ، هەروەها رێگەی نێوان دهۆك و موسڵ گیرا لەلایەن ئەو کادرانەی پارتییەوە کە چەکیان هەبوو. لە هەولێر ئەو کات هێزێکی قوەی سەیار هەبوو، هەروەها لە کەرکووکیش فیرقەی ٢ی لێبوو، بۆیە بۆ کردنەوەی رێگەکە هێرشیان کردە سەر ئەو هێزەی کە رێگەکەی گرتبوو، ئەوە بوو شەڕ لە نێوان کادرانی پارتی کە چەکیان پێ بوو لە هەموو قۆڵەکانەوە لەگەڵ هێزەکانی رژێم دەستی پێکرد، پاشان بۆ ئێوارە هەردوو لا حکومەت و پێشمەرگە پاشەکشەیان کردو بۆ رۆژی دوایی مانگرتنەکە کۆتایی هات. دوای ئەوە هێزەکانی هەولێر پاشەکشەیان کرد بۆ گۆمەسپان، لە سلێمانی چووبوونە دەربەندی بازیان، لە زاخۆ دوای ئەوەی شەڕێکی گەورەیان لە گەڵ فەوجێکی سەرباز کردبوو، کشانەوە بۆ گەلی زاخۆ، بۆیە شۆڕشی ئەیلوول لە ٦ی ئەیلوول دەستی پێکرد، بەڵام بۆچی رۆژی ١١ی ئەیلوول کرا بە رۆژی دەستپێکردنی شۆڕش؟ لەبەر ئەوەی لە رۆژی ١١ی ئەیلوول ٣ هێزی سەرەکی حکومەتی عێراق هێرشی کردە سەر کوردستان و تانك و فڕۆکە و تۆپ لەو شەڕەدا بەکار هێنرا، بۆیە رۆژی ١١ی ئەیلوول دانرا بە رۆژی بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. کە دروشمەکەی بووە کوردستان یان نەمان، ئەم دروشمە هەم گەورەیە و هەمیش پیرۆزە و ئێستاش من پێوایە ئەو دروشمە دەبێت دروشمی ئێستاشمان بێت.

*** شۆڕشی ئەیلوول یەکەمین شۆڕشی سەرتاسەری بوو لەکوردستان دەستی پێکرد، ئایا چۆن ئەم شۆڕشە بووە شۆڕشێکی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەوتۆ کە هەموو کوردستانییەکان پێکەوە کۆبکاتەوە؟**

- پێش ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول دەست پێبکات، لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی حزبدا کە جەنابی مەلا مستەفا ئامادەبوو، پێی وتین، حزب دەڵێت: پێنج هەزار ئەنداممان هەیە، بەڵام من دەڵێم: ئەگەر تەنها ٣٠٠٠ هەزار ئەندامی دڵسۆزی پارتیمان هەبێت،

**شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی هەمەلایەنەی چەکداری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری بوو، شۆڕشی ئەیلوول توانی خوێندن بەزمانی کوردی دابمەزرێنێت، دادگا و دامەزاوەکانی دیکەی ژیانی هاووڵاتیانی هەمووی دامەزراند، کۆنگرەیەک کرا ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دامەزرا کە ئەویش هەنگاوێکی گەورەبوو رۆڵی پەرلەمانێکی دەگێرا**

**لە بروسکەی مەکتەبی سیاسی هاتبوو (لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ژەنراڵ مستەفا بارزانی . ئێمە لە مەکتەبی سیاسیی بڕیارماندا تۆ سەرکردەو سەرۆوەری بۆ شۆڕش)، ئەوکات بۆ جەنابی بارزانی وشەی ژەنراڵ بەکار دەهات و هەتا ئەم دواییەش مام جەلال هەردەیگوت: ژەنراڵ مستەفا بارزانی**

**لە جەنابی بارزانیی نەمرم بیست کە وتی: هەقە ئێمە پەیکەرێک بۆ ئەو پۆلیسە کوردانە دروست بکەین، چونکە لەگەڵ دەسپێکی شۆڕش پۆلیسی کورد بە چەکی خۆیەوە زۆربەی زۆریان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، ئەوانەشی کە پەیوەندییان نەکردبوو بەشێکی زۆریان لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی بوون**

**بارزانی کە لەسۆڤیەت گەڕایەوە یەکەمجار چووە لای چاوسیسکۆ سەرۆکی ڕۆمانیا، ئینجا چووە لای ژەنراڵ تیتۆ لە یوگسلافیا، ئەوجا هاتە قاهیرە بۆ لای جەمال عەبدولناسر، لەوێ جەمال عەبدولناسر بە فڕۆکەی سەرۆکایەتی کۆماری میسر بارزانیی بۆ بەغدا ناردەوە**

ئەگەر شۆڕشمان دەست پێکرد، دەتوانین سەربکەوین، لەبەر ئەوەی ئەو ئەندامانەی کە لە پرۆسەی نەتەوەیی قاڵبوونەتەوە و بڕوایان بە کوردستان یان نەمان هەیە، هەموو کوردستانییەکان لە دەوریان کۆدەبێتەوە، بەکردەوەش دەرکەوت کە پێشبینیەکەی بارزانیی نەمر راست دەرچوو. دیارە دوای ئەوەی بارودۆخەکە لە عێراق تێکچوو، جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لەمانگی ئاداری ١٩٦١ بەغدای بەجێهێشت و چووەوە بۆ ناوچەی بارزان، لەم بۆنەیەدا دەمەوێت ڕووداوێك بگێڕمەوە، کە شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، من مامۆستابووم لە گوندی دووگردکان، لەو ناوچەیە کە ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی هەبوو برای گەورەی کاك موحسین دزەیی، ئەو پیاوێکی نیشتمانپەروەری گەورە بوو، هەروەها ئەندامی پارتیش بوو، کەسایەتییەك بوو لەناوچەکە خۆشەویست بوو، لە سەرەتای شۆڕش رۆڵێکی گەورەی هەبوو، ئەو کات بە منی وت: بەنیازم یەك لۆری ئارد ببەمە بارزان. لەمەش زیاتر لە ناو فەردە ئاردەکاندا ١٢ پارچە چەکی شارد بۆوە و لەوێ تەسلیمی جەنابی بارزانیی نەمری کرد. پاش ئەوەی چووە لای بارزانی و گەڕایەوە، ئەوە بوو حکومەت گرتی و نەفیان کرد بۆ بەسرە هەتاساڵی ١٩٦٣ لە بەندیخانە بوو، کە ساڵی ١٩٦٣ کودەتایەکی تر کرا، ئەویش ئازاد کرا، مەبەستم لەم سەرگوزشتەیە ئەوەیە کە ئەندامێکی پارتی ئاغابووەو ئەو هەموو بەرژەوەندییەی هەبووە، بەڵام لە پێناوی پارتی و شۆڕش هەمووی خستە مەترسییەوە و قوربانی بەهەموو شتێك داوە، ئەمە مانای ئەوەیە شۆڕشی ئەیلوول بەو گیانە دەستی پێکردووە، ئەندامانی پارتی هەموومان ئامادەی خۆفیداکردبووین، لەلای بارزانیشەوە کە خۆی سەرکردایەتی دەکرد، پاش ئەوەی چووە بادینان هەموو ئەو ناوچانەی رزگارکرد، دوای ئەوە بە خۆی و هێزێکەوە هاتە ناوچەی هەولێر بۆ ناوچەی باڵەك و لەوێش ناوچەکانی ئازادکرد.

ئەوەی لێرەدا بۆ مێژوو گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین، رۆڵی پۆلیسی کورد بوو لە بەهێزکردنی شۆڕش و چوونە ناو شۆڕشەوە، بۆ ئەمەش من خۆم لە جەنابی بارزانیی نەمرم بیستووە کە وتی: هەقە ئێمە پەیکەرێك بۆ ئەو پۆلیسە کوردانە دروست بکەین، چونکە لەگەڵ دەسپێکی شۆڕش پۆلیسی کورد بە چەکی خۆیەوە زۆربەی زۆریان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. ئەوانەشی کە پەیوەندیان نەکردبوو، بەشێکی زۆریان لەناو رێکخستنەکانی پارتی بوون و وایاندەکرد هەموو هێزەکە تەسلیمی پێشمەرگە بێت. بۆیە کە شۆڕش لە ساڵی ١٩٦١ دەستی پێکرد لەماوەی ساڵێکدا رەگی خۆی بە قووڵی داکوتا، پاش ئەوەی لە ١٩٦٣ بەعسییەکان کودەتایان کرد و زۆر دڕندانە هێرشیان کردە سەرکوردستان، بەڵام نەیانتوانی دەرەقەتی شۆڕش بێن. لەگەڵ ئەوەی ئیمکانیەتی شۆڕش زۆر کەم بوو، بەڵام خەڵك بە بەرگی خۆی و بە چەکی خۆی دەبووە پێشمەرگە و بەرگری لە کوردستان دەکرد.

*** لە دەسپێکی شۆڕشدا مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ناوچەی سلێمانی بوو، جەنابی بارزانیش لە ناوچەی بارزان بوو، ئایا جەنابی بارزانی چۆن رێبەرایەتی شۆڕشەکەی دەکرد؟**

- پێش هەموو شت کەسایەتی بارزانیی نەمر و ئازایەتی و لەخۆبوردەیی و قاڵبوونەوەی لە شۆڕشگێڕیدا وایکردبوو هیچ کەسێك هاوتای ئەو نەبێت، ئەوکاتی مەکتەبی سیاسیی پارتی خۆیان لە خەبات بڵاویان کردەوەو من خۆشم لە رۆژنامەی خەباتی ئەو کات خوێندوومەتەوە، کە بروسکەی مەکتەبی سیاسی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا هاتبوو: (لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ژەنراڵ مستەفا بارزانی . ئێمە لە مەکتەبی سیاسیی بڕیارماندا تۆ سەرکردەو سەروەری بۆ شۆڕش)، ئەوکات بۆ جەنابی بارزانی وشەی ژەنراڵ بەکار دەهات و هەتا ئەم دواییەش مام جەلال هەر دەیگووت ژەنراڵ مستەفا بارزانی. بۆیە مەکتەبی سیاسیی بڕیاریدا و خۆشی وەك ئەمری واقیع هەردەبوو جەنابی بارزانی سەرۆکایەتی شۆڕشەکە بکات، لەبەر ئەوەی کەس نەبوو هاوتای بارزانی بێت. بارزانی رێبەر و پێشمەرگە و پارتیزانێکی گەورە بوو، ببووە کەسایەتییەکی جیهانی، ئەو ماوەیەی لە دەرەوە بوو وەك باڵیۆزی هەموو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان وابوو، توانی لەگەڵ کەسایەتی گەورەی وەك جواهیر لال نەهرۆ، ژەنراڵ تیتۆ، چاوسیسکۆ، ئەحمەد سوکارنۆ، جەمال عەبدولناسر پەیوەندی دروست بکات. بارزانی کە لە سۆڤیەت گەڕایەوە یەکەمجار چووە لای چاوسیسکۆ سەرۆکی رۆمانیا، ئینجا چووە لای ژەنراڵ تیتۆ لە یوگسلافیا، ئەوجا هاتە قاهیرە بۆ لای جەمال عەبدولناسر، لەوێ جەمال عەبدولناسر بە فڕۆکەی سەرۆکایەتی کۆماری میسر بارزانیی ناردەوە بۆ بەغدا. ئاستی کەسایەتیی بارزانیی نەمر ببووە فەرزێك لەسەر شانی بەوەی هەردەبێت خۆی سەرۆکایەتی شۆڕشەکە لە ئەستۆ بگرێت.

*** لەگەڵ دەسپێکی شۆڕش مامۆستا بوون، دیارە بۆ ئەو زەمانە مامۆستا چینە ڕۆشنبیرەکەی کوردستان بووە، ئایا وەك ڕۆشنبیرێك چۆن سەیری شۆڕشی ئەیلول دەکەیت، بەوەی توانی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی لە کوردستاندا بەو ئاستە دروست بکات کە کوردستانیبوونی لای هەر تاکێك ژیاندەوە؟**

- بیری نەتەوەیی و نیشتمانی ڕەنگدانەوەی فیکری جەنابی مەلا مستەفا بوو لەناو شۆڕشەکەدا، بارزانی نەمر پێش ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بکات، پێشتر سەرکردایەتی شۆڕشی دووەمی بارزانی کردبوو، سەرۆك ئەرکانی سوپای کۆماری کوردستان بووە لەسەردەمی پێشەوا قازی محەمەد و پاشان ئەو کاروانە مێژووییەی لە گادەرەوە بۆ ئاراس برد و لەگەڵ ٥١٥ پێشمەرگە چووە یەکێتی سۆڤیەت، ئەوەش هەر بۆخۆی ئەفسانەیەکی مێژووییە، ئەوجا ئەگەر لەو هەموو ئەزموونەوە سەیری جەنابی بارزانیی نەمر بکەین، ئەوا دەبینین لە فیکری بارزانیدا کوردستان یەك کوردستان بووە و هەموو کوردستانی وەك یەك نیشتمان سەیرکردووە، بۆیە ئەم ڕەنگدانەوەیە وایکردبوو کە شۆڕشی ئەیلول وەرچەرخانێك لە بیرکردنەوە و ژیانی هەر تاکێکی کوردستانییەك دروستبکات، گەورەیی شۆڕشی ئەیلول لەوەدا بوو، ئەو شۆڕشە شۆڕشی سەرتاسەری کوردستانی گەورە بوو، لێرە لە باشووری کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین هەمووی پێشمەرگە بوو لە ژێر ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر، کە دروشمە سیاسییەکەی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو، دروشمی پێشمەرگایەتیش کوردستان یان نەمان بوو، ئەم دروشمە دروشمی هەموو کوردستانییەك بوو بە تورکمان و کریستیانەکانیشەوە کە لەگەڵ ئێمە پێشمەرگە بوون، لەسەر ئاستی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوور هاتنە باشووری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردی سوریا لە ڕۆژئاوا هاتنە ئێرە، کەواتە شۆڕشی ئەیلول سەرکردایەتییەکی سیاسی کوردستانی لێرە دروستکردبوو. ئەمە لەکاتێکدا پەیمانی سەنتۆ دژایەتی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد، لیوای یەرموکی سوپای سوریا یارمەتی سوپای عێراقی دەدا و هێرشی دەکردە سەر کوردستان، بەڵام شۆڕشی ئەیلول توانی ڕووبەڕووی ئەو تەحدییانە ببێتەوە و سەرکەوتووش بێت، لەسەر ئاستی دیپلۆماتیش، شۆڕشی ئەیلول توانی نوێنەری خۆی بنێرێتە وڵاتان، بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسوم نوێنەری پارتی بوو لە قاهیرە، عیسمەت وانلی لە ئەورووپا نوێنەر بوو، کۆمەڵێك کادری پارتی دروست بوون کە پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخست، ئەو پەیوەندییانەش جەنابی بارزانیی نەمر خۆی دروستی کردبوون. لەمانەش زیاتر شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێکی هەمەلایەنەی چەکداری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری بوو، شۆڕشی ئەیلول توانی خوێندن بە زمانی کوردی دابمەزرێنێت، دادگا و دامەزراوەکانی دیکەی ژیانی هاووڵاتیانی هەمووی دامەزراند، کۆنگرەیەك کرا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزرا کە ئەویش هەنگاوێکی گەورە بوو، ڕۆڵی پەرلەمانێکی دەگێڕا و، جەنابی بارزانی خۆی سەرۆکی بوو، ٦١ کەسیش ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بوون، کە بریتی بوون لە ١٧ ئەندامی سەرکردایەتی، ١٦-١٧ فەرماندەی سەربازی کە سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگەیان دەکرد، ژمارەیەك لە کەسایەتییەکانی کوردستان، تەنانەت یەکێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش قەشەیەك بوو نوێنەرایەتی کریستیانەکانی دەکرد.

***ئاماژەتان بەوەکرد هەقە ئێستاش کوردستان یان نەمان دروشمی کوردستانییان بێت، ئایا ئەم پێکەوە بەستنەوەی سەرەتای شۆڕشی ئەیلول بە ئێستاوە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

- پێش هەموو شت مێژوو زنجیرەیەك ئەڵقەی پێکەوە گرێدراوە، ئێمە نەتەوەیەکین لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبی دەوڵەتمان هەبووە و سەربەخۆبووین و سنووری کوردستان هاتە ئازەربایجانیشی لەگەڵ بووە، بۆیە دروشمی کوردستان یان نەمان کۆمەڵێك ڕەهەندی گرنگ لە خۆی دەگرێت، ئەوەش ئەوەیە، یان دەبێت کوردستان هەبێت و سەربەخۆ و ئازاد بێت، یان مردن هەڵدەبژێرین، بڕوا بکەن، ئەم دروشمە لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بە خوێنی خۆی تەرجەمەی دەکرد، ئەو شەڕەی پێشمەرگە بەو چەکە خراپانە لە شۆڕشی ئەیلول دەیکرد بەرامبەر بەو سوپا بەهێزانەی کە لەدوایین جاردا گەیشتە ئەوەی فسفۆریان بەکارهێنا، نەیتوانی لە ڕووی سەربازییەوە لەشکری پێشمەرگە بشکێنێت، بۆیە پەنای بۆ پیلانی نێودەوڵەتی برد، بۆیە دەبێت ئەم مێژووە هەمووکات لەبیربێت و دەبێت وەك ئەڵقەیەك بە ئێستاوەی گرێی بدەینەوە، بە گیانی شۆڕشی ئەیلول هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبگرین. بارزانیی نەمر لە وتارێکیدا کە من لە خەباتنامەدا ئاماژەم پێکردووە، دەڵێت: (هیچ هێزێك ناتوانێت ئێمە بڕووخێنێت، ئەگەر خۆمان خۆمان نەڕووخێنین). بۆیە دەبێت ئەم مێژووە دووبارە زیندوو بکەینەوە بۆ ئێستا و وەك خۆی سوودی لێوەربگرینەوە.

**باڵەکانی بەعس و قەومییەکان دژی هاتنەوەی مەلا مستەفا بوون، بەڵام حەرەکەی وەتەنی و شیوعییەکان کە ئەو کات باڵادەست بوون لە ئەنجومەنی وەزیران و دادگای شۆڕش، ئەوان لایەنگری ئەوە بوون جەنابی مەلا مستەفا لە سۆڤیەتەوە بگەڕێتەوە**

**ئەو شەڕەی پێشمەرگە بەو چەکە خراپانە لە شۆڕشی ئەیلول دەیکرد بەرامبەر بەو سوپا بەهێزانەی کە لەدوایین جاردا گەیشتە ئەوەی فسفۆریان بەکارهێنا، نەیتوانی لە ڕووی سەربازییەوە لەشکری پێشمەرگە بشکێنێت بۆیە پەنایان بۆ پیلانی نێودەوڵەتی برد**

# لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا .. چی روودەدات و رەوشەکەش بە کوێ دەگات؟



د. شێرزاد نەجاڕ



ئەم دۆخەی کە لە عێراق هاتۆتە ئاراوە، هیچ کەسێك چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد بەو ئاستە بگات و بەو شێوەیە بکەوێتـــەوە، فاکتەر و توخمی بنەڕەتی کە لەم دواییەدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەســەندنی ڕووداوەکاندا گێڕا، ئەمریکا بوو کە هاتە ســەر هێڵ، ئەمەش پاش ئەوەی داعش لە پەلامارێکدا هێرشێکی بەرەو کوردستان هێنا، بێگومان ئەمریکییەکان بە دەستێوەردانێکی ئاسمانی و سەربازی ســەرلەبەری دۆخەکەیان گۆڕی. پرسیارێك لێــرەدا دێتەپێشــەوە: ئایا ئەمریکا کە بــەو کتوپڕییە هاتە ســەر هێڵ بە ســتراتیژییەتەوە هــات؟ ئۆباما ڕایگەیانــد و گوتی: ســتراتیژییەتمان نەبووە، کەواتە ئەمە کاردانەوەیەك بووە لەســەر دۆخەکە، رۆژی ۹/٥ پەیمانی ناتۆ کۆبوونەوەیەکی فراوانی ســازکردو تێیدا گفتوگۆکراوە ســەبارەت بە داڕشــتنی ستراتیژییەتێك بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. کەواتە ئەمە لە بارێکی هەڵچووندا بــووەو بوارێکی تریان نەبووە بژاردەی دیکە بۆ خۆیان دەستنیشــان بکەن. ئەوانەی کە کەسایەتیی ئۆباما شــیکار دەکــەن، دەڵێن: ئەو کەســێکە زۆر بە درەنگ بڕیــار وەردەگرێت و بە ئاســانی ڕای خۆی بەیان نــاکات و زۆرجاریش هەر ڕای خۆی دەرنابڕێت، یەکێك لەوانەی کە قســە لــــەسەر ئەم کەسایەتییە دەکــەن (جۆن کێری)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە کە

ئێستا سەرپشك كراوە، یان ڕوونتر بڵێین بۆ ڕێكخستنی وتوێژەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاسپێردراوە، بە تایبەتیش بۆ چارەسەری كێشەی فەلەستین. ئۆباما بە جۆن كێری گوتووە: ئەگەر سەركەوتوو بوویت، پیرۆزباییت لێ دەكەم و ئەگەر شكستیشت هێنا ئەوە بەرپرسیارێتیی خۆتە، واتە ئۆباما بەم عەقڵییەتەوە دەچێتە ناو بابەتەكانەوە. لێرەوە پرسیارێك دروست دەبێت، ئایا ئۆباما هەمان حاڵەت لەبەرانبەر ئێمەو ناوچەكە دووبارە دەكاتەوە؟ لە ئێستادا وەك دەبینین بژاردەی سەربازیی هەڵبژاردووە، بۆیە ئەگەر سەركەوتوو بوو، ئەوە باشە، ئەگەر نا، ئەوە پێیوایە گرفتی خۆمانە، لە ڕاستیدا ئەوەشی بە ئێمە وتووە كە ئەو كێشەیە كێشەی خۆمانەو خۆشمان دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، كەواتە یەكەمین قوربانیی ئەم حاڵەتە ناوچەكەی ئێمە دەبێت، بە هەموو میللەتانی دەوروبەریشەوە، بەڵام وا دیارە ئەمریكییەكان لە ناوچەكە و دنیادا پێویستییان بە چەندین هاوپەیمانی دیكە هەیە، ئەوەتا ئێستا بۆ هاوپەیمانی نوێ دەگەڕێن لە دژی داعش، ئایا پەیداكردنی ئەم هاوپەیمانێتییە چۆن دەبێت و لەگەڵ كێ دەبێت؟ ئەم بابەتەش هەر لە كۆبوونەوەكەی رۆژی ٩/٥ی ناتۆدا تاوتوێكراوە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت سەرەتا سەیری بارودۆخەكە بكەین، هەست دەكەین جۆرێك لە پەرتەوازەیی بە نەخشەكەوە دیارە و هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەنێو ئەم بارودۆخەدان كێبڕكێیان هەیە، هەروەها هەماهەنگییش هەیە، بۆیە لەم دۆخە ئاڵۆزەدا ئاسان نییە رایەكی راشكاوانە بڵێین، یان بڵێین پێویستە خۆمان چ بڕیارێك بدەین؟ بەڵام ئەوەی ئاشكرایە ئەوەیە ئەو هاوپەیمانێتییەی ئەمریكییەكان دەیانەوێت، هەرگیز بە جموجۆڵی سەربازی و ئەمنی چارەسەر ناكرێت، بەڵكو پێویستی بە بزاڤێكی سیاسییانەیە، ئەگەر بە تەنیا چارەی سەربازی و ئەمنی بێت، وەك ئەوەیە كەسێك بە یەك پێوە ڕێ بكات، پێیەكەی دیكە بۆ هەنگاونانی دروست بریتییە لە لێكگەیشتنی سیاسیی نێوان ئەو دەوڵەتانەی كە ئێستا لەسەر بارودۆخی عێراق لە ململانێدان، هەر لە ئێران و توركیاو ئەردەن و سعودیەوە تا ئەمریكا و ئەوروپاش، ئەم ململانێیانەش لە نێو دوو بازنەدان، یەكەمیان داعش و عێراق و كوردستانە، دووەمیشیان كە بازنەی فراوانترە سووریا و ئۆپۆزسیۆنی سووریایە، ئەو دوو بازنەیە چوونەتە ناو یەكترییەوەو تێكهەڵكێش بوون، بۆیە ئەو پرسیارەی دروست دەبێت، ئەوەیە چۆن ئەم بابەتە ئاڵۆزە چارەسەر دەكرێت؟.

ئەمریكییەكان ئێستاش لە یەك بان و دوو هەوادان، لە عێراق بە جۆرێك هەڵسوكەوت دەكەن لە سووریاش بە شێوازێكی دیكە ، بە ڕای شرۆڤەكارانیش ئەگەر ئەمریكا لە سووریاش بۆچوونێكی وردو واقیعیان هەبوایە وەك ئەوەی ئێستا بەرامبەر عێراق هەیانە، ئەوا بارودۆخی سووریا جۆرێكی دیكە دەبوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمریكا نەیتوانی دوای چەندین ساڵ سەبارەت بە دۆخی سووریا هیچ بڕیارێك وەربگرێت، بەڵام پاش دوو مانگ لە داگیركردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە بە پرتاو جووڵایەوە، ئەمریكییەكان سەبارەت بەم جووڵانەوەیەی دواییان گوتیان بەرژەوەندیمان وای دەخواست كە پێویستە ئەم جووڵانەوەیە ئەنجام بدەین. ئۆباما دەڵێت: ناهێڵین داعش بەنداوی موسڵ بڕووخێنێت، ئەویش لەبەر پارێزگاریكردن لە باڵیۆزخانەكەمان لە بەغدا، ئایا هەر لە سەرەتاوە نەیدەتوانی ئەو چەند هەزار كەسەی كە پەلاماری موسڵیان دا نەهێڵێت بگەنە ئەوێ؟ كەواتە پێویستە بە وردی تەماشای دۆخەكە بكرێت، ڕاستە ئەمریكییەكان بەرگری لە بەرژەوەندییەكانی خۆیان دەكەن، بەڵام ئامادە نین سەرباز بنێرن و ئامادەش نین پارە بە بەلاش خەسار بكەن. ئێستا ئەمریكا ڕۆژانە حەوت ملیۆن دۆلار و نیو خەرجیی هەیە لە عێراقدا، كێ ئەمە دەداتەوە؟ خۆ ئەگەر بێت و كۆنگرێس ڕەزامەندی نەنوێنێت لەسەر ئەم خەرجییە، ناتوانێت لەسەری بەردەوام بێت، ئێستاش مشتومڕە لە نێوان ئۆباما و ئەوانی دیكەدا لە بارەی پلانی لێدانی داعشەوە، ئەمڕۆ كۆنگرێس شتێكی دیكەیی رادەست كردوون كە نەخشەی كۆمەڵێك حەشارگە و پێگەی داعشی تێدایە، كەواتە ئەمە بۆ ئەوەیانە بتوانن خەرجییەكەی بدات، ئەدی ئەگەر خەرجییەكەی نەدا، كێ هەیە بیدات و چۆن دەدرێت؟ ئەمانە هەموو خاڵن كە پێویستە بە وردی شرۆڤە بكرێن. ئێستا عێراق بووەتە خاڵی ململانێیەكی زۆر توند لە نێوان ئێرانییەكان و ئەمریكییەكاندا، دەگوترێت لە دەرئەنجامی كۆتاییدا، بەرژەوەندییە ستراتیژیەكانی ئەمریكا و ئێران یەكتردەگرنەوە، وا دەكەن لەسەر عێراق و لەسەر سووریا تێگەیشتنێكیان لە نێواندا هەبێت، ئەمە دەكشێت بەرەو سعودیە و كەنداویش، یەكێك لە بیرۆكەكان ئەوەیە، گریمانەی ئەوە دەكرێت هەرێمی سوننی لە عێراق دابمەزرێت و سەر بە ئەنجومەنی هاریكاریی كەنداو بێت، واتا جیابوونەوەیەك دروست بێت، بە حیساب دەسەڵات و هەژموونی ئەو ئەنجومەنە بێتە ناو پارێزگا سوننییەكانەوە و تا سووریاش ببڕێت، ئەمەش یەكێكە لەو سیناریۆیانەی باس دەكرێت.

سەبارەت بەم بیرۆكەیە ئەو پرسیارە دیتەئاراوە، ئایا لێدانی داعش و نەمانی، بە هێزی سەربازییانەی

**ئەو هاوپەیمانێتییەی ئەمریكییەكان دەیانەوێت، هەرگیز بە جموجۆڵی سەربازی و ئەمنی چارەسەر ناكرێت، بەڵكو پێویستی بە بزاڤێكی سیاسییانەیە، ئەگەر بە تەنیا چارەی سەربازی و ئەمنی بێت، وەك ئەوەیە كەسێك بە یەك پێوە ڕێ بكات**

**ئێستا عێراق بووەتە خاڵی ململانێیەكی زۆر توند لە نێوان ئێرانییەكان و ئەمریكییەكاندا، دەگوترێت لە دەرئەنجامی كۆتاییدا، بەرژەوەندییە ستراتیژیەكانی ئەمریكاو ئێران یەكتردەگرنەوە، وا دەكەن لەسەر عێراق و لەسەر سووریا تێگەیشتنێكیان لە نێواندا هەبێت**

ئەمریکا کارێکی هێندە ئاسانە؟ دیارە ئاسان نییە و مەحاڵیش نابێت، بەڵام یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەوەیە بارودۆخی ناوچەکە سەرلەبەری دەگۆڕدرێت، کەواتە ئەمەش بژاردەیەکە لای ئیدارەی ئەمریکایی ماوەتەوە، بژاردەیان ئەوە بوو داعش، یان نەمێنێت، یان لاواز بێت، بەڵام کێ لێرەدا قوربانی دەبەخشێت؟ لەم بارودۆخەدا کورد دەڵێت: ئێمە لە جیاتی جیهان شەڕ دەکەین، با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئایا ئەوە ئەرکی ئێمەیە لە جیاتی جیهان شەڕێکی خوێناوی بکەین؟! ئایا دەتوانین شەڕی هەموو تیرۆریستانی جیهان بکەین کە ڕۆژانە لە دەوری داعش کۆدەبنەوە؟ ناوچەکە نەخشەیەکی ئاڵۆزی هەیە، هەرێمی کوردستان نزیکەی ٦٠٠ کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ تورکیادا هەیە، ١٢٠٠ کیلۆمەترێك لەگەڵ ئێراندا سنووری هەیە، زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر لەگەڵ «دەوڵەتی داعش»دا سنووری بۆ دروست بوو، هەندێك سنوور لەگەڵ عێراق و بیست کیلۆمەتریشی لەگەڵ سووریا هەیە، کەواتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی کوردستان سەرکەوتوو بێت، دەبێت بەمانای وشە بکرێتە سوپایەکی نیزامی و لە پێکهاتەی ئەم سوپا نیزامییەدا خەڵکانی دەرچووی ئەکادیمیای سەربازی هەبن، هەروەها هەموو جۆرە مەشق و ڕاهێنانێکیان پێ بکرێت بۆ ئەوەی لە ڕووی زانستی سەربازییەوە بتوانن چەکەکان بە کاریگەری بەکاربهێنن.

پێوەندیی نێودەوڵەتی دوو فاکتەر و سروشتی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە داینامیکییە، واتە یەك سەعات لە شوێنی خۆیدا ڕاناوەستێت، کەواتە پیاوی سیاسسەتمەدار پێویستە هەمیشە ئاگاداری هەموو جووڵانەوەکانی دەوروبەری بێت، ئاماژەکان بخوێنێتەوە و دەرئەنجامەکان تاوتوێ بکات، بە تایبەت لە کاتی ڕوودانەکاندا، دووەمینیان ئەوە بزانرێت کە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە بنەڕەتەوە بریتییە لە ململانێ، ململانێیەکان لەسەر دەسەڵات، هەروەها ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەکان، کەی بەرژەوەندی لێبدرێت، لەوێوە جووڵانەوەکە زیاتر دەبێت، ئیتر، یان بەو جووڵانەوەیە دەتوانرێت بەرژەوەندی بپارێزرێت، یان ناتوانرێت، دەمێنێتەوە سەر هێزی خۆمان کاتێك بەرژەوەندیمان لێیدەدرێت، ئایا دەتوانین بیپارێزین یان نا؟ بەو هێزەی هەمانە دەتوانین ئەرکی پاراستنی خۆمان راپەڕێنین یان نا؟ ئینجا قۆناغی دواتر دێت، ئایا ئێمە دەتوانین لە بری هەموو جیهان شەڕێك بکەین؟

پێش هەفتەیەك شاعەبدوڵڵای سعودیە ئەوروپی و ئەمریکییەکانی ئاگادار کردەوە لەوەی کە پاش ماوەیەکی نزیك تیرۆر دەگاتە ئەوروپا و دەگاتە ئەمریکاش، ماوەی یەك دوو مانگی بۆ داناون، کەواتە ئەمە شەڕێکی جیهانییە، لەم شەڕەدا فیکرو پراکتیك تێکەڵ بوون، ئەمە تەنیا بیردۆز و تیۆر نییە ڕاوبۆچوونی سەرپێی لەسەر بدەین، بەڵکو شتێکە هاتۆتە سەر بواری پراکتیك، ئیتر کە گەیشتۆتە سەر بواری جێبەجێکردن، حیساباتەکە دێتە سەر ئەوەی بەراورد بکەین کامیان بەهێزترن، تیرۆریستان بە کردەوەی تیرۆریستی دەتوانن هێرشی خۆیان ببەنە خۆرئاواشەوە؟ ئەمریکا لە گرێی ١١ی سێبتەمبەرەوە ترساوە، ئەمە خاڵی ترسێتی بەرانبەر داعشیش، هەر بۆیە ئێستا بەریتانیاش لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە. لێرەدا سەبارەت بە کورد ئەم بابەتە چەندین ڕەهەندی هەیە، ئەم جۆرە شەڕە مەترسیی گەورەی لەسەر دۆخی ناوخۆ هەیە، ئەم شەڕە ئابووریی دەوڵەت دەڕزێنێت، تا وردە وردە وای لێدێت توانای نامێنێت، نەك بۆ شەڕ، بەڵکو بۆ ئیدامەدانی ژیانیش دەسەوسان دەمێنێتەوە.

ئێستا ئێمە لەوپەڕی حاڵەتی ئێمرجنسیداین، پێویستە حکومەتی هەرێم بە زووترین کات پلان و سیاسەتی ئابووریی جەنگ دابنێت، نرخەکان و هاوردەکردنەکان و خەرجییەکان هەموویان بخرێتە بەر کۆنترۆڵەوە، ئەگەرچی داعش مەترسیی سەرەکییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەرك و لێپرسینەوەکانی حکومەتیشە کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حوکمە بۆ چۆنیەتی بەرێوەبردنی بارودۆخەکە.


لەم بارودۆخە هەستیارەدا ڕاگەیاندن لە دۆخێکدایە بە چەپ و بە ڕاست بیرۆکەی زۆر نادروست دەهاوێنە ناو ڕای گشتییەوە ، سەرلەبەری ڕای گشتی دەورووژێنن، دەبێت سیستمی حوکمڕانی ئامادە بێت بۆ ئیدارەدانی ئیمرجنسییانەی ئەو دۆخەی دروست بووە، کەواتە پێویستت بە ئیدارەیەکە بتوانێت لە ئاستی ئەو دۆخەدا بێت، چارەسەر بۆ گرفتەکان بدۆزێتەوە، کوردستان لە جەنگێکی خوێنپێژان (ئیستینزاف)دایە، لە لایەکەوە بودجەو مووچەیان لێ بڕیوە، لە لایەکی ترەوە ئەم دۆخە هی ئەوە نییە دابەشبوونی جەماوەری و میللی لێ دروست بکەین، هەروەها چەك و چۆڵی کەمە، لەم کاتەشدا گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی زۆری بۆ دروست دەکرێت، پێویستە تا ئەو جەنگە تەواو دەبێت، کوردستان لە ئابووریی خۆشگوزەرانی و کەمالیاتەوە بچێتە دۆخی ئابووریی جەنگەوە، چونکە جەنگ دژی داعش بەمزووانە تەواو نابێت و ماوەیەکی دوور و درێژتری دەوێت، ڕۆژانە لە بەرەکانی جەنگەوە چەندین شەهیدمان هەن، باشە ناپرسن ئەمە ئەگەر دوو سێ ساڵ بخایەنێت، چی بکەین؟

**کوردستان لە جەنگێکی خوێنپێژان (ئیستینزاف)دایە، لە لایەکەوە بودجەو مووچەیان لێ بڕیوە، لە لایەکی ترەوە ئەم دۆخە هی ئەوە نییە دابەشبوونی جەماوەری و میللی لێ دروست بکەین، هەروەها چەک و چۆڵی کەمە**

**پێویستە تا ئەو جەنگە تەواو دەبێت، کوردستان لە ئابووریی خۆشگوزەرانی و کەمالیاتەوە بچێتە دۆخی ئابووریی جەنگەوە**

# تەتەڵەی خەلافەت لە ئیستانبولەوە بۆ موسڵ

## (بەشی چوارەم و کۆتایی)



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

دوو ساڵ پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە تورکیا، کۆنفرانسێك لە قاهیرە بۆ تاوتوێ کردنی قۆناغی پاش هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بەسترا. کۆنفرانس جەختی کردە سەر شەرعیەتی خەلافەت، بەڵام پاش مشتومڕێکی زۆر، کۆنفرانس بەو سەرەنجامە گەیشت کە دامەزراندنی خەلافەتێك بە هەمان مەرجەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی شتێکی نزیك لە مەحاڵە. تەنانەت محەممەد رەشید رەزاش، کە یەکێ لە لایەنگرە دڵسۆزەکانی پرۆژەکە بوو، لە کۆنفرانسەکەدا وازی لە پرۆژەکە هێناو شتێکی پێشنیار کرد کە نزیك بوو لە ڤاتیکانی کاتۆلیکەکان. محەممەد ئیقبال، یەکێ لە بیرمەندە موسڵمانەکانی هیندستان، لەو گۆشەنیگایەوە بۆ مەسەلەکە چوو کە دابەشبوونی جیهانی ئیسلام بە سەر ژمارەیەکی زۆری یەکەی سیاسیدا، چانسێکی باش بۆ دامەزراندنی خەلافەت پێکناهێنێ. لەولاشەوە پاشای میسر فوئادی یەکەم وازی لە خۆکاندیدکردن هێناو هاشمییەکانی حیجازیش کە خۆیان لە هەموو کەس بە شایستەتر بۆ خەلافەت دەزانی، زۆری نەبرد پەشیمان بوونەوە. بەمجۆرە، لەساڵی ١٩٢٦ بەدواوە، کەف و کوڵی دامەزراندنەوەی خەلافەت دامرکایەوە و موسڵمانان بە کردەوە مەسەلەکەیان لەبیری خۆیان بردەوە.

کێشەی خەلافەت لەوەدا نییە کە کەسێك بۆ پۆستەکە کاندید بکرێ، بەڵکو لەوەدایە کە پۆستەکە بەبێ بوونی یەك دەوڵەت بۆ هەموو موسڵمانەکان هیچ بەهایەکی نییە. نەبوونی کۆدەنگی لەسەر چۆنێتیی ملکەچبوونی یەکە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلام بۆ یەك کەس، گەورەترین تەگەرەی بەردەم دامەزراندنەوەی خەلافەتە.

ئەو مەرجانەی لەسەردەمی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتیدا بۆ خەلیفە دانراون، لەسەردەمی سەرمایەداری و دەوڵەتی نەتەوەیی و شارستانێتیی پشت ئەستور بە پیشەسازی، شیاوی جێبەجێ کردن نین. بەپێی کتێبێك کە چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٥٢دا دەرچووەو تا ساڵی ١٩٧٦ حەوت جار لەقاهیرە چاپ کراوەتەوە، تەنها خەلافەتەکەی چوار خەلیفەکەی پاش پێغەمبەر محەممەد بە سیمبول و نموونەی راستەقینەی خەلافەت دادەندرێ.[1]

موسڵمانەکان بە درێژایی مێژوو مۆدێلێکی تۆکمەیان بۆ خەلافەت پێشکەش نەکردووە. تەنانەت لە (خەلافەتی راشیدین)یش کە تەمەنی لە٣٠ ساڵ کەمترە، سیستمی سیاسی پاشایەتی نییە، بەڵام ئەوەندەش بەلای ئەوەدا داناشکێنێ کە بتوانرێ روخساری کۆماری پێ بدرێ. لەو سیستەمەدا گەورەترین کێشە چۆنێتیی هەڵبژاردنی خەلیفەیە کە تێیدا نوێنەرە ناهەڵبژێردراوەکانی گەل، نەك گەل، خەلیفە هەڵدەبژێرن. لەسەردەمی دووەم خەلیفەدا ئەنجومەنێك کە نوێنەرایەتیی چینی باڵای کۆمەڵگەی دەکرد، مافی هەڵبژاردنی خەلیفەی پێ سپێردرا و هەر ئەو ئەنجومەنەش بوو کە سێیەم خەلیفەی هەڵبژارد.

لەسەردەمی تازەدا مەسەلەی خەلافەت زۆرتر وەك مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژی وایەو هەندێ لە حزبەکان، لەوانە حزبی تەحریری ئیسلامی، دامەزراندنی خەلافەتیان کردۆتە ئامانجی سەرەکیی خۆیان، بەڵام بەبێ ئەوەی مەرجەکانی خەلیفە و دەسەڵاتەکان و میکانیزمی هەڵبژاردنی دیاری بکەن. ئەمە بەم مانایە نییە کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە گوتاری ئاشکرایاندا دەستبەردای بانگەشەکردن بوون بۆ ئامانجی گێرانەوەی خەلافەت. ئەم مەسەلەیە هەمیشە وەك بەشێکی پرۆگرامی پەروەردەی حزبی ماوەتەوە، بەڵام بە کردەوە هیچ کات گێرانەوەی خەلافەت ئامانجی راستەقینەی ئیسلامیزم نەبووە.

لانیکەم لە دوو مۆدێلدا بە روونی دەردەکەوێ کە موسڵمانەکان کاریان بۆ گێرانەوەی خەلافەت نەکردووە. لەهەر یەك لەسعودیە و ئێران دوو سیستمی ئیسلامی لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ شێوەی پراکتیزەکردنی شەریعەت دامەزراون. ئەگەرچی لەهەردوو مۆدێلدا ئیسلام بە تەواوی بەسەر ژیانی گشتیدا زاڵە، بەڵام هیچ یەکێ لەم دوو وڵاتە پەیڕەوی لە سیستمی خەلافەت نەکردووە. لە کۆپییە سوننییەکەی ئیسلامدا، "پاشا" رۆڵی خەلیفە دەبینێ و لە کۆپییە شیعییەکەدا کە لە رووی سیاسییەوە بە پێشکەوتووتر دادەندرێ، "رابەر" ئەو رۆڵە دەگێڕێ.

ئەمە بەم مانایە دێ کە راگەیاندنی خەلافەت لە موسڵ لەلایەن رێکخراوی داعشەوە هیچ بەهایەکی نییە و زۆر زەحمەتە بە وێستگەیەکی کاروانی خەلافەتیش دابندرێ. لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی بەدواوە، ئیسلام جگە لەوەی لەسایەی سیستمی خەلافەتدا تێکەڵ بە شارستانێتی بوو، هەنگاوی بۆ ئەوە هەڵهێنا کە ببێتە دیاردەیەکی جیهانی، لەکاتێکدا خەلافەتەکەی داعش لە مۆدێلی دەوڵەتی جەنگ بەولاوە هیچی تر نییە.

بەکردەوە، داعش خراپترین کاتی بۆ راگەیاندنی خەلافەت هەڵبژاردووە. هەرچەند هێشتا ئەو فاکتەرانە روون نین کە داعشیان هانداوە خەلافەت رابگەیەنێ، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەو سیستمەی کە موسڵمانەکان لە ساڵی ١٩٢٦ بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەستبەرداری بوون، بەڵگەی ئەوەیە کە داعش کەموکورییەکی گەورەی لە خوێندنەوەی مێژوودا هەیە. لەم هەلومەرجەی ئێستادا داعش بۆ بەخشینی رەوایی بە پێگە ئایدیۆلۆژییەکانی، تەنانەت ناتوانێ لە ناوبانگی خەلافەتیش سوودمەند بێ، بەتایبەتی کە خەلافەتەکەی داعش تێکەڵ بووە بە گۆڕینی شەبەنگی دیموگرافی، وەك لە کردەوەکانی جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان و دەرکردنی مەسیحییەکاندا دەبینرێ.

---

١. الدکتور محمد ضیا و الدین الریس، النظریات السیاسیة الاسلامیة، الطبعة السابعة، مکتبة دار التراث، القاهرة، ١٩٧٦، ص ١٧٣.



### عەدنان حوسێن رۆژنامەنووس و شرۆڤەوانی سیاسیی بۆ گوڵان:

# زەحمەتە حکومەتەکەی عیبادی جیاواز بێت و بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات

**تاچەند حکومەتی داهاتووی عێراق لە حکومەتەکەی پێشــخۆی جیاواز دەبێت و لەتوانایدا دەبێت کێشەکانی عێــراق چارەســەربکات؟ وەڵامی ئەم پرســیارە لای چاودێران گەشــبین نییە و زۆرینەیــان رایانوایە ئەم حکومەتە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ حکومەتەکەی پێش خۆی نابێت. عەدنان حوسێن نووسەر و شرۆڤەوانی دیاری عێراقی سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** لەگــەڵ نزیکبوونەوەی راگەیاندنی وادەی کابینەی تازەی حکومەتی عێراق پێشبینیتان بۆ گۆڕانکاریی لە بارودۆخی ئەو وڵاتەدا چییە؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە بەم زووانە هیچ چارەســەرێك بۆ ئــەم قەیرانە بێتەئــاراوە، بەتایبەتیش ئەو کێشــە ئاڵۆزەی یەخەی پرۆســەی سیاسیی عێراقی گرتووە، ئــەو قەیرانەش هۆیەکانــی بۆ ئــەوە دەگەڕێتەوە کە کێشمەکێشــی سیاسی و ململانێی توند لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و شــپرزەبوونی بارودۆخی ئەمنی سەری هەڵداوە، هەروەها داگیرکردنی شارەکانی عێراق لەلایەن (داعش)ـەوە، کەواتە رەگ و ریشەی ئەم قەیرانە زیاتر بۆ سەردەمی پێشــتر دەگەڕێتەوە، بگرە هەر لەساڵی ٢٠٠٣وە کە رژێم رووخا، عێــراق دووچاری ململانێی

سیاسیی بووەوە کە وردەوردە وڵاتی بەم ئاکامە گەیاند. دواتر ئەم کێشەیە درێژەی کێشا بۆ سەرهەڵدانی شەڕی تایفەگەریی ناوخۆ لە ساڵی ٢٠٠٦ لە نێوان پێکهاتەکان، ئەنجامی ئەم شەڕو ململانێیە نەگریسەش هەروەك بینیمان هۆکارێك بوو بۆ داگیرکردنی یەك لەسەر سێی خاکی عێراق لەلایەن دڕندەترین دوژمنی توندڕەوی تیرۆریست کە (داعش)ـە، بۆیە کێشەکە زیاتر پەرەی سەند و رکابەریی سیاسی و دوژمنکاریی نەتەوەیی و تایفی و ئایینزایی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق قووڵتر بووەوە، لەبەر ئەوە لەم کاتەدا هیچ ئاسۆیەکی روون نابینم بەرەو چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم قەیرانە، کەواتە چارەسەری ریشەیی لەوەدایە کە جارێکی دیکە چاو بخشێنرێتەوە بە پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراقدا، کە لەسەر بنەمای پشککاریی تایفی بەڕێوەدەچێت، لە ئێستاشدا کە حکومەتی تازەی عێراق هێشتا پێکنەهاتووە، رەوشەکە هەروا بە خراپی ماوەتەوە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات ئەو حکومەتە پێك بێت، تاکو بکەوێتە سەرپێ و کارەکان رایی بکات، بەڵام نەك لەسەر بنەماکانی جاران، بەڵکو لەسەر بنەمای حکومەتەکانی پێشووتر و یەکسانی و رێککەوتن و دوور لە هەستیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوەی ئێستاش بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەو کابینەیەی خەریکە رادەگەیەنرێت، دیسان هەر لەسەر بنەماکانی حکومەتکەی پێشووە، ئەو پۆستە وەزارییانەی کە دابەش دەکرێن، بەتایبەتی پۆستە سیادییەکان بە گوێرەی پشککاریی تایفی و نەتەوەیی دەبێت، واتا بە پێی توانایی و لێهاتوویی و دەستپاکی و پیشەیی دابەش نەکراون، لێرەدا دەبینین ئەم وەزارەتە بۆ هاوپەیمانیی نیشتمانی و ئەوەی دیکەیان بۆ هاوپەیمانیی کوردستانی و یەکێکی دیکە بۆ هێزە نیشتمانییەکانە، کەواتە لەنێوان سوننە و شیعە و کورددا دابەشی دەکەن، ئێمە سەرەتا دڵمان بەوە خۆش بوو، کە بەڕێز نوری مالیکی بۆ جاری سێیەم خۆی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵنابژێرێتەوە و بەڕێزێکی دیکە حکومەتی تازە پێکدەهێنێت، بەڵام ئەوەی من بیزانم ئەوەیە کە ئەو بەڕێزەی دوای ئەویش دێت، لەو باشتر خزمەت ناکات و بارودۆخە ئەمنییەکەش هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.

*** کەواتە عێراق لە نێو هەمان گێژاوی شلۆقی باری ئەمنی و سیاسیدا دەمێنێتەوەو هیچ گۆڕانکاریی لێ بەدی نایەت، ئەی رێگە چارەی گونجاو بۆ ئەم قەیرانە لە چیدایە؟**

- بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە نابێ هەر چاوەڕوانی ئیرادەی خوای گەورە بین، بەڵکو چارەسەرەکە لە خۆمانە و دەبێ ئەم گەلە خەمی لێ بخوات، ئەوەش بە دوو رێگە دەبێت، یەکەمیان بەکارهێنانی مافی دەستووری لە نارەزایی دەربڕین، چونکە دەستوور کەفیل و چاودێری عێراقییەکانە، واتا مافی رادەربڕینیان پێ دەدات، کە ئەویش بریتییە لە ئازادیی قسەکردن و ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە سەر شەقام، بۆیە پێویستە لەسەر گەلی عێراق وەك گەلانی دیکەی وڵاتە عەرەبییەکان بڕژێنە سەر شەقام و داوای گۆڕانکاری بکەن، چونکە لە هەندی لەو وڵاتانە سەرکەوتنی بەدواداهات و گۆڕانکاریی بەرچاو رووی دا، رێگەی دووەم بریتییە لە هەڵبژاردن، راستە ئەوانەی ئێستا لە حوکمدان، یان لە داهاتوودا حوکم دەگرنەدەست لە رێی هەڵبژاردنەوە هاتوون، هەرچەندە ساختەکاریشی تێدا کراوە، بەڵام ئەو خەڵکەی دەنگیان پێداون، هەموویان لەسەر بنەمای تایفەگەری و نەتەوەیی و ئایینزایی روویان لە سەندووقەکانی هەڵبژاردن کردبوو، نەك لەسەر بنەمای راست و دروست لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان کە خاوەن توانا و لێهاتوویی و کارامەیی و نیشتمانپەروەری بن، تاکو دواتر چەند کەسێکی سیاسی و دڵسۆزیان لێ دەستنیشان بکرێت کە کاروباری وڵات بگرنەدەست، کەواتە خەڵکەکە هەمان هەڵەکانی پێشوویان لە هەڵبژاردنی کەسەکان دووبارە کردەوە.

*** پرسیارێکی دیکەمان ئەوەیە کە دەبینین عێراقییەکان دوای ساڵی ٢٠٠٣ و تا ئەم کاتەش لە هەموو هەڵبژاردنێکدا دەنگیان بۆ نەتەوەو پێکهاتەکان داوە، شیعە بۆ شیعە و سوننە بۆ سوننە و کوردیش بۆ کورد، کەواتە ئەم پرەنسیپە تێکەڵ بە خوێنی عێراقییەکان بووە، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەوە هەیە؟**

- من وای نابینم، بۆ نموونە لە بەریتانیا سکۆتلەندییەکان دەنگ بە خۆیان دەدەن و ئینگلیزیش هەر بە ئینگلیز، ئەمە شتێکی سروشتی و نۆڕماڵە، بۆیە کێشەکە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی نەتەوەو پێکهاتەکاندا نییە، بەڵکو لەوەدایە ئەوانەی دەنگیان پێ دەدرێت شایانی ئەوە نین نوێنەرایەتیی گەل بکەن، بۆیە لە نێو شیعەدا بەدەیان و بگرە سەدان کەسایەتیی بەتوانا و لێهاتوو هەیە کە شیاون بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیی لەئەستۆ بگرن، بە هەمان شێوە لە ناو کورد و سوننەشدا کەسایەتیی نیشتمانپەروەرو دڵسۆز و لێهاتوو هەیە، ئەگەر ئەو پێوەرانە بخرێنە بەردەم گەلەوە ئەو کاتە دەزانن لە هەموو پێکهاتەکانی شیعە و سوننەو کورد چاکترین و لەبارترین کەس بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێرن، کە شایانی ئەوە بن نوێنەرایەتیی گەل بکەن و بەرپرسیارێتیی چارەسەرکردنی کێشەو داواکانیان لەئەستۆبگرن.

**بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە نابێ هەر چاوەڕوانی ئیرادەی خوای گەورە بین، بەڵکو چارەسەرەکە لە خۆمانە و دەبێ ئەم گەلە خەمی لێ بخوات**

**کێشەکە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی نەتەوەو پێکهاتەکاندا نییە، بەڵکو لەوەدایە ئەوانەی دەنگیان پێ دەدرێت شایانی ئەوە نین نوێنەرایەتیی گەل بکەن**





# ١١ی سێپتەمبەر
# لە قاعیدەوە بۆ داعش

هێرشی تیرۆریستانی ڕێکخراوی قاعیدە لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر هەر دوو تاوەری ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرك، مەترسیی تیرۆریستانی گەیاندە لوتکە، بەتایبەتی بۆ ڕۆژئاوا و ئەمریکا کە پێشتر کاری تیرۆریستی لەو جۆرە ڕووینەدابوو. زۆر لە چاودێران و پسپۆڕانی سیاسی، کارەساتی ١١ی سێپتەمبەریان وەك هێرشی ژاپۆن بۆ سەر پیرڵهابەر لێکدایەوە و وایان مەزندە دەکرد، چۆن ئەمریکا لە جەنگی جیهانی دووەم کارێکی کرد ژاپۆن شەڕەکە بدۆڕێنێت و دواتریش بە بۆمبی نیوکلیاری هەردوو شاری هێرۆشیما و ناگازاکی کاولکرد، بە هەمان شێوە جیهان چاوەڕێی ئەوەبوو، هاوپەیمانانی دژە تیرۆر بە سەرکردایەتی ئەمریکا گورزێکی توندتر لە تیرۆریستان و پەناگە و حەشارگە و سەرچاوەی ئایدیۆلۆژی ئەو ڕێکخراوانە بسرەوێنن، کە چیدیکە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان نەبنە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام لە ماوەی تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە و هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دژایەتیکردنی تیرۆریستان، ئەوا ئێستا وەك زۆربەی پسپۆڕانی سیاسی ئاماژەی پێدەکەن، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش زۆر لە ڕێکخراوی قاعیدە ترسناکترە و ئەوەی ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی قاعیدە نەیانتوانی بیکەن، ئێستا ئەبوبەکر بەغدادی و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش نەك هەر کردوویانە، بەڵکو خەلافەتی ئیسلامییان ڕاگەیاندووە و ناوچەیەکی گەورەشیان لە عێراق و سوریا کۆنترۆڵکردووە.

- **بچووککردنەوەی تیرۆر لە ڕێکخراوی قاعیدەدا**

گومانی تێدا نییە کە ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە و سەرۆکەکەی ئوسامە بن لادن، یەکێکە لە ڕێکخراوە ترسناکەکانی تیرۆر و هەرچی مەبەستیان بووە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامیان داوە و سڵیان لە هیچ تاوانێك نەکردۆتەوە، هەر ئەمەش وایکردبوو کە لە دوای ساڵی ٢٠٠١ ئەمریکا وەك دوژمنی ژمارە یەك سەیری ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیە بکات و هەموو ئیمکانییەت و هەوڵێکیش بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەندامان و سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بکوژێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەمریکا سەرکەوتوو بوو لە ڕووخاندنی ئیمارەتی تالیبان لە ئەفغانستان و هەروەها لە بەدواداچوونی سەرکردەکانی قاعیدە و تەنانەت کوشتنی ئوسامە بن لادنیش، بەڵام ئەمریکا سەرکەوتوو نەبوو لە بەرەکەی دیکەی شەڕی تیرۆردا کە ئەویش دروستبوونی ژینگەی لەبار بوو بۆ تیرۆریستان و بەرهەمهێنانی تیرۆریستی ترسناکتر لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، ئەوەی ئێستاش لە ڕێکخراوی داعش دەبینرێت، ئاشکرایە مەترسییەکانی لە ڕێکخراوی قاعیدە زیاترە. هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم مۆدیلە نوێیەی تیرۆریستانیش کە ئێستا نێوماڵی ڕۆژئاواشی گرتۆتەوە بە دەیان و سەدان خەڵکی ڕۆژئاوا پەیوەندییان بەو گرووپە تیرۆریستییانەوە کردووە، بەهەند وەرنەگرتنی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەیە کە تەکنەلۆژیای زانیاری لە پەیوەندییەکاندا دروستی کردووە، هەروەها وەرچەرخانی سەرچاوەی هێزە لە کاراکتەری دەوڵەتییەوە بۆ کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی زیانبەخش وەك گرووپە تیرۆریستییەکان و گومانیشی تێدا نییە ئایدیۆلۆژیەتی توندڕەوی ئیسلامی سیاسیی سوودێکی هێجگار گەورەی لەم پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا بینیوە و توانیویەتی کە تا ڕادەیەك زۆر بەرچاو خۆی بخزێنێتە نێو ماڵی ڕۆژئاواوە، هەر بۆیە ئەگەر لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ نیگەرانی ئیدارەی ئەمریکا لەسەر ئەوە بوویێت کە بۆچی بەشی زۆری ئەو کەسانەی ئەو کارە تیرۆریستییەیان دژی ئەمریکا ئەنجامداوە، زۆربەیان عەرەبن و هاوولاتی ئەو وڵاتەن کە خۆیان بە دۆستی ئەمریکا نازانن، ئەوا ئێستا وەك لەو دیمەنە ڤیدیۆییانەی تیرۆریستانی داعش بڵاوی دەکەنەوە، دەیبینین ئەوەی تاوانە ترسناك و دژە مرۆڤایەتیەکان ئەنجامدەدات و ڕۆژنامەنووس سەردەبڕێت، هاووڵاتی وڵاتێکی وەك بەریتانیایە و سەر بە ڕۆژئاوایە، ئەمەش بەرەو مەترسییەکی زیاتر هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا تیرۆریستانی داعش توانیویانە پێگەیەك بۆ خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیدا بکەن، ئەگەر بە خێرایی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە تێکنەشکێنرێت و تیرۆریستان ریشەکێش نەکرێن، ئەوا ئەم پێگەیە دەبێتە سەربازگەیەکی زۆر باشی مەشق و ڕاهێنانی تیرۆریستان، بەتایبەتی ئەو تیرۆریستانەی ڕەگەزنامەی وڵاتانی ڕۆژئاواییان هەیە و بەئاسانی دەتوانن گۆڕەپانی کارە تیرۆریستییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بگوازنەوە.

- **دەوڵەتی فاشیل**
  **باشترین ژینگەیە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر**

لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ کاتێك فرانسیس فۆکۆیاما کتێبی (بونیادنانی دەوڵەت لە سەدەی بیست ویەکەم)ی بڵاوکردەوە، ڕاشکاوانە هۆشداری ئەوەی دا کە دەوڵەتی لاواز و فاشیل تەنها دەرهاوێشتە خراپەکانی بۆ ناو

**تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی خۆیان لە هێرشە ئاسمانییەکان بپارێزن، لەناو شاری موسڵ هەوڵیانداوە بارەگاکانیان بگوازنەوە بۆ شوێنە مەدەنییەکان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا داعش زرێپۆشێکی مرۆیی بۆ پاراستنی خۆی بەکار دەهێنێت**

**ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی حوکمڕانی فاشیلی ئەسەد و مالیکی لە هەردوو دیوی عێراق و سوریا هاتەئاراوە، بووە ژینگەیەکی لەباری ئەوتۆ کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەسەر چەندین ئاستی دارایی و چەك و فراوانبوونی گۆڕەپانی کارە تیرۆریستیەکانی باڵا دەست بێت**


سنووری نیشتمانی خۆی نییە، بەڵكو ئەو دەرهاویشتە خراپانە دەبنە مەترسی لەسەر جیهان و ئاسایشی جیهان دەخەنە مەترسییەوە، لەوانەیە ئەم پێشبینییەی فۆكۆیاما هەتا گۆڕانكارییەكانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١ بەو ئاستە ئاكامەكەی دەرنەكەوتبێت، بەڵام دوای رووخانی رژێمە تۆتالیتارییەكان و دروستبوونی ناسەقامگیری لە دوای ئەو گۆڕانكارییانە بوونە فاكتەرێك بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی توندڕۆیی زیاتر تەشەنە بكات، بەتایبەتی لە میسر دوای سەركەوتنی ئیخوان موسلمین بۆ دەسەڵات، ئەم پرسە زیاتر ئاڵۆز بوو، دوای ئەوەش كە بارودۆخی سوریا گۆڕا بۆ شەڕێكی ناوخۆیی و خوێناوی، هەروەها بۆ پشتگوێخستنی مەترسییەكانی تیرۆریستانی داعش كە ئەوكات لە زۆر بەرەدا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا شەڕی دەكرد و رژێمی ئەسەدیش سەیری دەكردن! ئەوەشی جێگەی تێڕامان و نیگەرانی گەورەیە، ئەوەیە كە لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەر دەوڵەتەو لەبەر هۆكارێك تەنیا سەیری رژێمی ئەسەد و داعشیان دەكرد كە چۆن بارودۆخەكە لە خوێناوییەوە بەرەو خوێناویتر دەبەن!! لەمەش زیاتر ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سوریا، كێشەی سوریای لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەروەها لەسەر ئاستی ناوچەكەش بەرەو جەمسەربەندییەكی زۆر توند برد، بەو ئاستەی كە راستەوخۆ رێكخراوی حزبوڵڵای لوبنانی و دەوڵەتانی دراوسێی سوریا بە ئاشكرا بوونە پشت و پەنای رژێمی ئەسەد، تەنانەت حكومەتی عێراقیش بە سەرۆكایەتی نوری مالیكی پاڵپشتی خۆی بۆ رژێمەكەی ئەسەد نەشاردەوە، بۆیە لە هەردوو دیوی سوریا و عێراق لەبەر ئەوەی حوكمڕانیی هەردوولا شیعە بوون و شەڕەكەش راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژی عەرەبی سوننە بوو، بۆیە ئەمە ژینگەیەكی هاوسۆزی عەرەبی سوننەی بۆ رێكخراوی تیرۆریستانی داعش دروستكردو داعش دوای ئەوەی چەندین ناوچەی لە سوریا كۆنترۆڵ كرد، لە حوزەیرانی رابردووش دوای ئەوەی سوپای عێراق شەڕی داعشی نەكرد، ناوچەیەكی بەرفراوان لە موسڵ و تكریت و ئەنبار كەوتە بەردەستی. ئەو ناوچە فراوانەی كەوتۆتە دەستی تیرۆریستانی داعش ئاكامی ئەوەیە كە حوكمڕانی ئەسەد و مالیكی دوو حوكمڕانی فاشیل بوون و ئەوان هۆكاری ئەوەبوون كە داعش رووبەرێكی فراوان لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا كۆنترۆڵ بكات، ئەوەشی مەترسی زیاتر لەم بارودۆخەدا دروست دەكات، دروستبوونی ئەو هاوسۆزییە بوو كە لەلایەن عەرەبی سوننەی هەردوو دیوی سوریا و عێراقەوە بۆ تیرۆریستانی داعش دروستبووە، ئەمەش بە ئاستێكە كە زۆر لە پسپۆڕان پێیانوایە بەشێكی زۆری عەرەبی سوننە لە دیوی سوریا تیرۆریستانی داعش لە رژێمەكەی ئەسەد بە باشتر دەزانن و لەدیوی عێراقیش بەشێك لە عەرەبی سوننەی عێراق تیرۆریستانی داعشیان لە حوكمڕانییەكەی مالیكی بە باشتر زانیوە.

بۆیە لە ئێستادا كە لە ژێر گوشارێكی زۆردا مالیكی ناچار كرا لە پۆستی سەرۆك وەزیران دوور بخرێتەوە، چاوەكان هەمووی لەسەر حكومەتی ئایندەی عێراقە، بەوەی كە ئایا تاچەند ئەو توانایەی هەیە كە شێوازێكی جیاواز لە حوكمڕانیی مالیكی بگرێتەبەر و پرۆسەی سیاسی بەو جۆرە راست بكاتەوە كە هەموو پێكهاتەكانی عێراق بۆ شەڕی دژەتیرۆر كۆبكاتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تا رادەیەكی زۆر پەیوەستە بە ئایندەوە، بەڵام وەك پێشبینییەكان ئاماژەی پێدەكەن، پێدەچێت حەیدەر عیبادی نەتوانێت بەشێوەیەكی ریشەیی ئاڕاستەی حوكمڕانی بگۆڕێت و پرۆسەی سیاسی رێكبخاتەوە، لەدیوی سوریاشەوە دیسان پێویستە هەڵمەتێكی نێودەوڵەتی بۆ لێدانی تیرۆریستانی داعش لەناو سوریا دەست پێبكات، لە ئێستادا رۆژئاوا نە دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانی سوریا، نە بەبێ بوونی هێزێكی كاریگەریش لەناو سوریا دەتوانێت هێرشە ئاسمانییەكانی كاریگەری هەبێت.

خستنەڕووی ئەم هاوكێشە ئاڵۆزەی ئێستا كە جیهان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش رووبەڕووی بۆتەوە، پرسێكە پەیوەستە بە دەرهاویشتەی شەڕێكی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە كە وایكردووە بەشێكی عەرەبی سوننە خۆی لەبەرەی تیرۆریستانی داعش ببینێتەوە، یان بیدەنگ بێت بەرامبەر كارە تیرۆریستییەكانی داعش و نەبوونی هەڵوێستێكی نێودەوڵەتی بۆ گۆڕینی رژێمی ئەسەد. هەروەها نەبوونی گوشارێكی نێودەوڵەتی بۆ راستكردنەوەی تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراق وایكردووە، كە هێندەی دیكە شەڕی تیرۆریستانی داعش زیاتر بخزێتە نێو ئەو شەڕە مەزهەبگەراییەی نێوان شیعە و سوننە كە ئێستا لە عێراق و سوریا بەئاشكرا بوونی هەیە. ئەم حاڵەتەش كە بەو شێوەیە دروستبووە، زیاتر لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە قۆزتراوەتەوە و لەسەر هەردوو تەوەری بزواندنی قەومیی شۆڤێنیی عەرەبی بەرامبەر بە نەتەوە غەیرە عەرەبەكان و لەسەر تەوەری بزواندنی هەستی مەزهەبگەرایی سوننە دژی شیعە

**نەبوونی گوشارێكی نێودەوڵەتی بۆ راستكردنەوەی تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراق وایكردووە، كە هێندەی دیكە شەڕی تیرۆریستانی داعش زیاتر بخزێتە نێو ئەو شەڕە مەزهەبگەراییەی نێوان شیعە و سوننە كە ئێستا لە عێراق و سوریا بەئاشكرا بوونی هەیە**

**چاوەكان هەمووی لەسەر حكومەتی ئایندەی عێراقە، بەوەی كە ئایا تاچەند ئەو توانایەی هەیە كە شێوازێكی جیاواز لە حوكمڕانیی مالیكی بگرێتەبەر و پرۆسەی سیاسی بەو جۆرە راست بكاتەوە كە هەموو پێكهاتەكانی عێراق بۆ شەڕی دژەتیرۆر كۆبكاتەوە؟**





**ئەو ناوچە فراوانەی کەوتۆتە دەستی تیرۆریستانی داعش ئاکامی ئەوەیە کە حوکمڕانی ئەسەد و مالیکی دوو حوکمڕانی فاشیل بوون و ئەوان هۆکاری ئەوەبوون کە داعش رووبەرێکی فراوان لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا کۆنترۆڵ بکات**

زۆر بە سیستماتیکییانە کاری کردووە، لەوانەش کارە دڕندەکانی بەرامبەر بە کوردی ئێزدی و هەروەها کوشتاری بەکۆمەڵی سپایکر و کوشتاری بە کۆمەڵی رەقە، ئەمانە هەمووی وایکردووە، هەم کاردانەوە بەرامبەر هەستی شۆڤێنی عەرەب دروست بێت، هەمیش کاردانەوەی مەزهەبگەرایی شیعە بەرامبەر مەزهەبی سوننە دروست بێت.

ئەم شێواندنە یاخود راوکردن لەئاوی لێڵدا لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە وایکردووە، شەڕی تیرۆریستان لە عێراق و سوریا ئاڵۆزییەکی گەورە بە خۆیەوە ببینێت و نەتوانرێت بەئاسانی ناوچەکە لە تیرۆریستان پاك بکرێتەوە.

## داعش قۆناخێکی نوێ لەشەڕی دژە تیرۆردا

ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی حوکمڕانی فاشیلی ئەسەد و مالیکی لە هەردوو دیوی عێراق و سوریا هاتەئاراوە، بووە ژینگەیەکی لەباری ئەوتۆ کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش لەسەر چەندین ئاستی دارایی و چەك و فراوانبوونی گۆڕەپانی کارە تیرۆریستیەکانی باڵا دەست بێت، لەوانە:

١- باشترین سەرچاوە بۆ چەکدارکردنی تیرۆریستانی داعش، رژێمی ئەسەد و سوپای عێراق بووە، لەبەر ئەوەی ئەو چەکانەی داعش لە سوپای رژێمی ئەسەد و لە خۆبەدەستەوادانی پێنج فیرقەی سوپای عێراق دەستی کەوتووە، بەهاکەی زۆر لە دە ملیار دۆلار زیاترە، ئەمەش ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ چەکی سوپای یەك دەوڵەت، هێشتا چەکەکانی داعش لەچەکی دەوڵەتێکی ئاسایی زیاترە.

٢- ئەو ناوچانەی تیرۆریستانی داعش لە هەردوو دیوی عێراق و سوریا دەستی بەسەردا گرتوون، سەرچاوەیەکی زۆری نەوتی تێدایە، هەروەها لە بانکەکانی ئەو ناوچانە دەستی بەسەر پارەیەکی زۆردا گرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر تیرۆریستانی دیکە سەرچاوەی داراییان لەدەرەوە بێت و جیهان بتوانێت ئەو سەرچاوانە وشك بکات و لە رووی ئابورییەوە گوشار بخاتە سەر تیرۆریستان، ئەوا داعش ئێستا پارەکە لەبەر

**هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم مۆدیلە نوێیەی تیرۆریستانیش کە ئێستا نێوماڵی ڕۆژئاواشی گرتۆتەوەو بە دەیان و سەدان خەڵکی ڕۆژئاوا پەیوەندییان بەو گرووپە تیرۆریستییانەوە کردووە، بەهەند وەرنەگرتنی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەیە کە تەکنەلۆژیای زانیاری لە پەیوەندییەکاندا دروستی کردووە**



دەستی خۆیەتی و بە ئاسانیش دەتوانێت بە ڕێگەی قاچاغ نەوت بفرۆشێت، ئەمەش بۆتە سەرچاوەیەکی دیکەی هێز بۆ ئەوەی زیاتر درێژە بەشەڕەکە بدات.

**٣-** فراوانی ئەو سنوورەی لەبەردەستی داعشە، دیارە ئەو ناوچە فراوانەی ئێستا داعش کۆنترۆڵی کردووە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر هاووڵاتی مەدەنی تێدایە، وەك لە هەفتەی ڕابردووش هەواڵەکان بڵاویانکردەوە کە تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی خۆیان لە هێرشە ئاسمانییەکان بپارێزن، لەناو شاری موسڵ هەوڵیانداوە بارەگاکانیان بگوازنەوە بۆ شوێنە مەدەنییەکان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا داعش زرێپۆشێکی مرۆیی بۆ پاراستنی خۆی بەکار دەهێنێت و ئەمەی کردووە بە تاکتیکێك بۆ ئەوەی نەتوانرێت لە ڕێی هێرشە ئاسمانییەکانەوە تێکبشکێنرێت.

لەم لایەنە ئەگەر سەیری جوگرافیای ئەو شەڕە بکەین کە ئێستا لەم ناوچەیە بەڕێوەدەچێت، هەست دەکەین شەڕی دژە تیرۆر لەگەڵ تیرۆریستانی داعش چۆتە قۆناخێکی نوێ و بەرەیەکی شەڕی فرەڕەهەندە و بێجگە لە هێرشی سەربازی، کۆمەڵێك لایەنی دیکەش دەگرێتەوە، ئەوجا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن ئەم هەموو لایەنە پێکەوە کۆدەکاتەوەو ستراتیژیەتێك بۆ تێکشکان و ڕیشەکێشکردنی تیرۆریستانی داعش دادەڕێژێت؟ ئەمە پرسیارێکە یەکلاکردنەوەی شەڕی تیرۆریستانی داعش وەڵامی دەداتەوە.

**ئەوەی ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی قاعیدە نەیانتوانی بیکەن، ئێستا ئەبوبەکر بەغدادی و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش نەك هەر کردوویانە، بەڵکو خەلافەتی ئیسلامییان ڕاگەیاندووە و ناوچەیەکی گەورەشیان لە عێراق و سوریا کۆنترۆڵکردووە**



**گۆردن هان**

**تایبەتمەند لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و تیرۆریزم بۆ گوڵان:**

# ئۆباما دوای کوژرانی ئوسامە بن لادن، قەڵغانی دژەتیرۆری فڕێداو پێیوابوو چیتر تیرۆر بەو ئاستە جێگەی مەترسی نییە



**پرۆفیسۆر گۆردن ئێم هان گەورە توێژەری پرۆگرامەکانی دیراسەتی رووسیا و (ئۆراسیا)یە لە سەنتەری ستراتیژی نێودەوڵەتی (CSIS) و پسپۆڕی تایبەتمەندە لە ئاسایشی نێودەوڵەتی و ستراتیژیەتی سەربازی و تیرۆریزم و حوکمڕانی و لەم وتووێژەیدا تیشك دەخاتەسەر هەڵکشانی تیرۆریزم دوای تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ بەسەر کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و چۆنیەتی دروستبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژە تیرۆر لە جیهاندا، هەروەها لە بارەی چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی و چەند پرسێکی گرنگ و هەنووکەیی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەداتەوە.**

***لەم ڕۆژانەدا یادی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر دەکەینەوە، هەست دەکەین دوای تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ بەسەر هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستان، کەچی هێشتا تیرۆریستان مەترسیدارترین هەڕەشەن. ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی شەڕی دژەتیرۆر بە تەواوەتی سەرکەوتوو نەبێت؟**

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك پێویست بایەخی بە تێکشکاندنی ژێرخانی ئەنتەرنێتی بزووتنەوە جیهادییە توندڕەوە جیهانییەکان نەداوە، کە ئەم ژێرخانە بەکار دەهێنن بۆ کۆکردنەوەی داهات و راکێشانی خەڵك بۆ ریزەکانیان لەسەر ئاستی جیهان. ئیدارەی باراك ئۆباما ناوەڕۆکی هەڕەشەی ئایدیۆلۆژی تیوکراتی زۆر بە جددی وەرنەگرتووە. راستە دۆکیۆمێنتەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وشەی «جیهاد» پاك کرانەوە. بەڵام هێرشی تیرۆریستی فۆرت هوودی ساڵی ٢٠٠٩ی بە «تەقەکردن» و «توندوتیژی شوێنی کار» لەلایەن ئیدارەکەوە وەسف کرا. بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی جەمیس کلاپەر لە گرنگیی بنچینە ئایینییەکانی جیهادیزم و ئیسلامیستەکانی وەك ئیخوان موسلمینی کەم کردەوە، دیارە ئیخوان موسلمین قوتابخانەیەك بوو بۆ زۆر کەس کە بوونە جیهادی توندڕەو، هەروەها دوای کوشتنی ئوسامە بن لادن، ئیدارەی ئۆباما جاڕی سەرکەوتنی دا دژ بە ئەلقاعیدە و قەڵغانەکەی فڕێ دا. لە تێڕوانینی سەرۆك ئۆبامادا چیتر ئەلقاعیدە وەك هەڕەشەیەکی جددی نەمایەوە و بووە کێشەیەکی ئەمنی لاوەکی کە دەکرێت لە ڕێی گرتنەبەری ڕێکارەکانی پۆلیسەوە چارەسەر بکرێت. هەروەها سەرۆك ئۆباما شکستی هێنا لە بەدەستهێنانی ڕێککەوتن لەگەڵ عێراقدا بۆ ئەوەی ڕێگە بە بوونێکی گەورەی هێزەکانی ئەمریکا بدات بۆ ئەوەی لە عێراقدا بمێنێتەوە و چالاك بێت لەو وڵاتەدا. لە کۆتاییدا، بە چەشنی ئیدارەکانی پێشوو، تەرکیزێکی زۆری کردەسەر بەرفراوانکردنی ناتۆ بۆ سنوورەکانی رووسیا، واتە قورسایی کات و وزەکەی لە شەڕکردن دژی تیرۆریزمەوە لابرد و وڵاتێکیشی پەراوێز خست، کە ئەگەری ئەوە هەبوو ببێتە هاوپەیمانێکی بەهێز لەو شەڕەدا، ئەویش رووسیایە. دەرئەنجامەکەش شەڕی ئۆکرانیا و تێکچوونی زیاتری هاوکاری نێوان رووسیا و ڕۆژئاوای لێکەوتەوە.

**• وەك ئێستا دەبینین تیرۆریستانی داعش پێدەچێت زۆر مەترسیدارتر بن لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، بە تێڕوانینی ئێوە، تا چەند داعش ستراتیژیەتی شەڕی دژەتیرۆری گۆڕیوە؟**

**ئەمریکا وەک پێویست بایەخی بە تێکشکاندنی ژێرخانی ئەنتەرنێتی بزووتنەوە جیهادییە توندڕەوە جیهانییەکان نەداوە**

**ئەگەر عەرەبەکان راستگۆ بوونایە لەگەڵ خۆیاندا، ئەوا دەبوو دان بەوەدا بنێن کە هەر ڕژێمێک کە بیانویستایە لە رابردوودا، یاخود لە داهاتوویەکی نزیکدا بنیاتی بنێن، ڕژێمێکی خۆسەپێن دەبوو**




- دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) تاکتیکەکانی جیهادیزمی جیهانی بەرەو رادیکالیەت بردەوە نەك ستراتیژیەتەکەی. سەربڕین و کوشتارەکانی دیکە بە شێوەیەك ئەنجام دران کە هیچ بایەخ نادەن بە پرسی «بردنەوەی عەقڵ و دڵەکان». بەو پێیە، لە کاتێکدا کە فەیلەسوفە جیهانییەکانی وەك ئەبو محەمەد عاسم ئەلمەقدیسی باسی لە بەکارهێنانی «تیرۆریزمی بە ئامانجکراو» دەکات، لەبەر ئەوەی دانیشتووانی موسڵمان لە پێویستی گرتنەبەری تاکتیکە سەختەکان تێناگەن. هەرچۆنێك بێت، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ئەم تێڕوانینە رەتدەکاتەوە. ئاڵوگۆڕ لە تیرۆریزمەوە بۆ یاخیبوون مەسەلەیەکە پەیوەستە بە بارودۆخەوە زیاتر، نەك بە ئاڵوگۆڕێکی هۆشیارانەوە، هاتنەئارای ئەوەش بەهۆی شکستهێنانی رۆژئاوا بووە لە مانەوەیان لە عێراقدا، هەروەها بەهۆی کەمکردنەوەی بایەخپێدانی ئیدارەی ئۆباماوە بوو بە ئەلقاعیدە. لە دەرئەنجامدا، توندڕەوە رادیکاڵەکان لە بەرەی ئەلنوسرە، ئەلقاعیدە لە عێراق، و گرووپەکانی دیکە لە سوریا و عێراق توانییان ژمارەی پێویستی شەڕکەر کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی لە قۆناغی تیرۆریزمەوە بۆ یاخیبوون و بنیاتنانی خەلافەت لە سایەی ئاڵای رەشی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا بەرەوپێش بچن.

**• بانگەشەی ئیسلام لەلایەن داعشەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی تاچەند دەبێتە هۆکاری ئەوەی داعش لە گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتوو بێت؟**

- داعش سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی تیرۆریزم بۆ هێنانەئارای تەفسیرێکی رادیکاڵی توندڕەو بۆ ئیسلام وەك ئایینی جیهان و وەك بناغەیەکی تیوکراتی- ئایدیۆلۆژی، هەم بۆ کۆمەڵگە و هەم بۆ دەوڵەت، یان خەلافەت. لە هەندێ رووەوە و بە شێوەیەك کە دژیەکی لەخۆ بگرێت، ئەمە ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی تیرۆریزم دژی موسڵمانەکان بەکار دەهێنرێت، ئەو موسڵمانانەی راڤەیەکی جیاوازتریان هەیە، یاخود راڤەیەکی میانڕەو، یان ماقوڵیان بۆ ئیسلام هەیە.

**• ئەگەرچی خەڵکی لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا چوونە ریزی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی گرووپە ئیسلامییەکانەوە، تەنانەت خەڵك لە رۆژئاوا و ئەورووپاوە چوونە ریزیانەوە، بەڵام هەمیشە سەرکردەکانیان عەرەب بوون. بۆ نموونە سەرکردایەتی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان عەرەبە، هەمان شت بۆ داعش راستە، بۆچی عەرەبەکان سەرکردایەتی گروپە تیرۆریستیەکان دەکەن؟**

- بە رادەیەکی زۆر هۆکاری سەرکردایەتی عەرەب بۆ هاوپەیمانی شۆڕشگێڕی جیهادی جیهانی بریتییە لە سروشتی رادیکاڵی ئیسلام لە کەنداوی عەرەبیدا.



هەرچۆنێك بێت، نابێت زیادەڕەوی بکەین لە زەقی و زاڵی عەرەب لە جیهادی جیهانیدا. هاوپەیمانی شۆڕشگێری جیهادی جیهانی، بە چەشنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئیسلامیستی جیهانی (ئیخوان موسلمین، حزب و تەحریری ئیسلامی)، بەڕاستی تۆڕێکی جیهانین لە نێو تۆڕەکاندا. بەو پێیە، دەبینین کە ئەمیری سەربازی لە نێو دەوڵەتی ئیسلامیدا بریتیە لە تیرۆریستیکی پێشووی قەوقازی و کەسێکی بە رەگەز چیچانی لە جۆرجیاوە، عومەر ئەلشیشانی، بورکان باتیراششڤیلی. ئەوەی روونە، تاڵیبانی پاکستانی و ئەفغانستانی کە نزیکن لە ئەلقاعیدەوە، رێکخراوێکە سەرکردایەتی ناکرێن لەلایەن عەرەبەوە، ئەمە ئەگەر باسی رێکخراوەکانی سەر بە ئەلقاعیدە لە مەغریب و قەرنی ئەفریقی نەکەین.

**• پێدەچێت رق و قینێکی زۆر هەبێت لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا دژ بە دیموکراسی و رۆژئاوا. ئەم رقەش رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین، بۆچی عەرەبەکان بەم رادەیە دژی رۆژئاوا و ئەمریکان؟**

- پێموایە عەرەبەکان رقی خۆیان لەبەرامبەر هێزە ئیمپریالیەکانی رۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا گۆڕیوە بۆ رقلێبوونەوە لە ئەمریکا. رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزێکی سوپەرپاوەری جیهانی دوای هەرەسهێنانی سۆڤیەت، تەرکیزی کردە سەر سەرجەم ئەوانەی لە جیهاندا دژایەتی ئەمریکایان دەکرد. سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هەوڵیدا دیموکراسی لە عێراق و ئەفغانستاندا بنیات بنێت، بووە هۆی خراپترکردنی کێشەکە. پێویستە چالاکییەکانمان لەو وڵاتانەدا چڕ بکەینەوە بۆ ئەوەی سەرکردەکانی وەك ئوسامە بن لادن بکوژین، لە رێی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنی تایبەت و هەروەها لە رێگەی بەهێزکردنی سنوور و سیستمی کۆچبەران خۆمان و هاوپەیمان و شەریکەکانمان لە بری ئەوەی سەرقاڵ بین بە داگیرکاری و بنیاتنانی نەتەوەوە. بەدڵنیاییەوە بوونی ئێمە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و دەستێوەردانمان لەو کۆمەڵگەیانە و شێوە ژیانانەدا کە چەند سەدەیەك تەمەنیانە، بووە هۆی ئەوەی پتر عەرەب و موسڵمانەکانی دیکە تووڕەیی خۆیان ئاراستەی ئەمریکا بکەن. هەروەها پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بۆ ئیسرائیل هۆکارێکی دیکەیە.

**• هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە هۆکاری پشت ژینگەی وڵاتە عەرەبییەکان بۆ ستراتیژیەتی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە کە پشتیوانی رژێمە عەرەبییەکانیان دەکرد لە ناوچەکەدا. تا چ رادەیەك لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا هاوڕایت؟**

ئەمە هۆکارێکە، بەڵام هۆکارێکی زۆر گرنگ نییە. ئەگەر عەرەبەکان راستگۆ بوونایە لەگەڵ خۆیاندا، ئەوا دەبوو دان بەوەدا بنێن کە هەر رژێمێك کە بیانویستایە لە رابردوودا، یاخود لە داهاتوویەکی نزیکدا بنیاتی بنێن، رژێمێکی خۆسەپێن دەبوو. ئەوەی سەیر و سەمەرەیە لە ئێستادا ئەوەیە کە هاوکاری رۆژئاوا بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لە جێی خۆسەپاندن لەلایەن زۆرێك لە عەرەبەکانەوە بەرهەڵستی دەکرێت. ئەمە سەرەڕای هاوکاریکردنیان لەلایەن ئەمریکاوە لە رابردوودا. هەروەها موسڵمانەکانی شوێنەکانی دیکەش دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەستاونەتەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە موسڵمانە بۆسنییەکان کرد لە دژی میلۆسۆڤیج. هەرگیز ئەمریکا پشتیوانی رژێمەکەی ئەفغانستانی نەکرد، پێش دروستبوونی ئەلقاعیدە، لەگەڵ ئەوەشدا تاڵیبان دالْدەی ئەلقاعیدەی دا و بواری پێدا هێرش بکاتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێستاش بەرهەڵستی ئەمریکا دەکات.

**عەرەبەکان رقی خۆیان لەبەرامبەر هێزە ئیمپریالیەکانی رۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا گۆڕیوە بۆ رقلێبوونەوە لە ئەمریکا**

**دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) تاکتیکەکانی جیهادیزمی جیهانی بەرەو رادیکاڵیەت بردەوە نەک ستراتیژیەتەکەی**

**ئیخوان موسلمین قوتابخانەیەک بوو بۆ زۆر کەس کە بوونە جیهادی توندڕەو**



ئان لوستیک بۆ گوڵان:

# داعش ستراتیژیەتی شەڕی دژە تیرۆری نەگۆڕیوە، ئاڵۆزییەکانی عێراق ئەو بارودۆخەی درووستکردووە



**پرۆفیسۆر ئان ئێس لوستیك، ئوستادی سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ قسەکردن لەسەر ژینگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ژینگەیەکی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستان و مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش و دروستبوونی گۆڕانکاری لە شەڕی دژەتیرۆردا، چەند پرسیاریکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ئان لوستیك کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەتا ئێستاش ئیشکالیەتێك لەسەر پێناسەی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهان بوونی هەیە، ئایا تا چەند ئەم ئیشکالیەتە لە شەڕی دژە تیرۆردا هۆکارێکی نەرێنی بووە؟**

- لە ٢٠٠١ـەوە تا ئێستاش تەواوی بیرۆکەی شەڕی تیرۆر، یاخود شەڕی دژە تیرۆر، راشکاوانە نەبووە. تیرۆر بە واتای توندوتیژیی کوێرانە دژی کەسانی ناشەڕوان بۆ تێکدانی ئارامی، یاخود ترساندن و تۆقاندنی دانیشتووانە، ئەم کارەش هەم تاکتیکە و هەم نیشانەیە، واتە خۆی لە خۆیدا دوژمنێك نیە لەبەرچاو بێت. هەربۆیە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر وەك شێرپەنجە شتێکی مەنتیقی و مانادارە، بە هەمان شێوە بەرەنگاربوونەوەی مەلاریاش، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی شەکەتی یاخود تا، یان ئازارێکی کاتی، شتێکی بێمانایە. کاردانەوەی دژ بە رووداوەکانی ٩/١١ بە شێوەیەکی کاریگەر بووە هۆی تێکشکاندنی ئەلقاعیدە کە هێزێکی رێکخراوی جیهانی بوو، هەروەها ئەنجامدانی چالاکییەکی هەواڵگری بەربڵاو بووە هۆی رێگریکردن لە روودانی چەندین هێرش، کە ئەگەر وا نەبوایە روویان دەدا. بەڵام زۆر خراپ ئیدارەی ئەم هەوڵانە کرا و زۆر بە زەقی بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی بەکار هێنران، کە شایستەی ئەوە نەبوون ئەم هەموو باجەیان لە پێناودا بدرێن، وەك شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستان و دەرئەنجامەکانیان و بەهەدەردانی سەرچاوەگەلێکی زۆر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرەڕای پێشێلکردنی ئازادییە مەدەنییەکان. هەروەها سەرجەم جۆرەکانی تاوان و لە نێویاندا توندوتیژی تیرۆریستان بەردەوام بوو.

*** دوای هێرشی ئەلقاعیدە ستراتیژیەتێکی سەرکەتوو لەشەڕی دژەتیرۆر پیادە نەکرا، تیرۆریستیش زیاتر پەرەی سەند، ئایا تاچەند لە ئێستادا جیهان پێویستی بە ستراتیژیەتێك لە شەڕی دژە تیرۆر هەیە؟**

- پێش هێرشکردنە سەر ئەمریکاش ئەلقاعیدە بوونی هەبوو. ئەو کاتە مەترسیدار بوو بۆ رۆژئاوا کە ستراتیژیەتی هێرشکردنە سەر دوژمنە دوورەکانی تەبەنی کرد، چونکە هێرشکردنە سەر رژێمە مەحەلییەکان زۆر دژوار بوو. ئێستا کە رژێمە مەحەلییەکان لاوازن، و گەشەکردنی بەربەرییانەی داعش -کە لە ئەلقاعیدەوە گەشەی کردووە-، ئیستیغلالی ئەو واقیعەی کردووە. بەدڵنیاییەوە ئەمە مەترسییەکی بەپەلەتر و گەورەترە بۆ سەر سیستمی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام پیشتر ئەو سیستمە لاواز ببوو. ئێستاش لە هەرەسدایە، لە کۆتاییدا چارەسەرکردنی مەترسییەکانی داعش بەوە نابێت لە رووی سەربازییەوە تێکبشکێنرێت، بەڵکو بە دروستبوونی ئایدیا و دڵسۆزی و سەرکردەگەلێکی

سیاسی دەبێت کە بتوانن دووبارە پانتایی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژنەوە. لە هەل و مەرجی راست و دروستدا هەڕەشەگەلی وەك ئەوەی لەلایەن داعشەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆی هەیە ببێتە هۆی هاندانی بەرەوپێشچوونی سیاسی. بەڵام ئەگەر ئەوە رووندەدات، داعشیش سەرکەوتوو بوو لە چەسپاندنی پایەکانی خۆی، ئەوا لە کۆتاییدا هێرش دەکاتە سەر رۆژئاوا و لەگەڵ ئەو هەموو جەنگاوەرە دەرەکییەی لە ریزەکانیدایە کە لە رۆژئاواوە هاتوون، ئەوا دەبێتە دوژمنێکی مەترسیدارتر لە ئەلقاعیدە. ئەوەی پەیوەندی بە ستراتیژیەتی دژەتیرۆرەوە هەبێت، ئەوە لە راستیدا داعش نییە کە ئەو ستراتیژیەتەی گۆڕیوە، بەڵکو کارەساتی شەڕی عێراقە ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتۆتەوە. ئێستا حەزەرێکی زیاتر دەبینین بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای جەختکردنەوە لە فرەلایەنی و خستنەگەڕی چەند هێزێکی رێکخراوە و کار و کردەوەی هەماهەنگیکراو دەستێوەردانی دەرەکی بکرێت، نەك لەسەر بنەمای داگیرکاری لە رێی بەکارهێنانی تاساناندن و ترساندن بۆ تێکشکاندنی هەڕەشەیەك.

*** بەڵام ئەو کارانەی داعش ئەنجامیان دەدات، لەسەر بنەمای دەقە ئایینییەکان پاکانەی بۆ دەکات، ئایا تاچەند داعش توانیویەتی بۆ رەفتارەکانی ئایین ئیستیغلال بکات؟**

- من نازانم چ بنەمایەکی ئیسلامی داوای سەربڕین و ئەشکەنجەدان و دلڕەقییە لە وەسف نەهاتووەکانی دیکەی داعش دەکات، بەڵام کارکردن وەك ئەوەی بنەما ئایینییەکان سەرمەشقی کردەوە تیرۆریستییە بەربەریەکان بن، مەسەلەیەکە لەلایەن شوێنکەتووانی هەموو باوەڕە ئایینییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، تیرۆریستیە تامیلیە هیندۆسەکان، تیرۆریستانی دەوڵەتی سریلانکی بودی، تیرۆریستە مەسیحییە ئەرسۆدۆکسییە سربییەکان، تیرۆریستیە مەسیحی و نەریتگەرا هۆتۆییەکان، تیرۆریستەکانی ئیسڕائیلی-جوولەکەکان، و ...هتد.

**چارەسەرکردنی مەترسییەکانی داعش بەوە نابێت لە رووی سەربازییەوە تێکبشکێنرێت، بەڵکو بە دروستبوونی ئایدیا و دڵسۆزی و سەرکردەگەلێکی سیاسی دەبێت کە بتوانن دووبارە پانتایی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژنەوە**



*** باسی ئەوەت كرد كە خەڵكانێكی زۆر لە ڕۆژئاوا و ناوچەكانی جیهان چوونە ریزی تیرۆریستانەوە، بەڵام سەركردایەتی ئەو ڕێكخراوانە زۆربەیان عەرەبن، چ بۆچوونێكتان لەسەر ئەو بابەتە هەیە؟**

- من گومانم هەیە لەوەی هەمیشە حاڵەتەكە بەم شێوەیە بێت. توركەكان مشت و مڕی ئەوە دەكەن كە هەندێ لە سەركردە تیرۆریستیەكان كورد بوون، بۆی هەیە ڕووسیەكان ئاماژە بە چیچانییەكان بكەن، دەكرێت سربەكان ئاماژە بە ئەلبانییەكان بكەن. بەڵام یەكێك لەو ئیمتیازاتەی عەرەبەكان هەیانە لە ململانێكردنیاندا بۆ پۆستی سەركردایەتی گرووپە ئیسلامییەكان بریتیە لە شارەزاییان لە زمانی عەرەبی، كە ئامرازی سرووشتی پەیوەندیكردنە و زمانی هاوبەشە (بەلای كەمەوە زمانی قورئان و شەریعەیە). هۆكارێكی دیكە، كە ئەمەیان لە پەیوەندی بە ئوسامە بن لادنەوە روونە، ئەگەرچی تەنها ئەو ناگرێتەوە، بریتییە لە سامانی نەوتی عەرەب كە بواری داوە بۆ ژمارەیەكی زۆر لە عەرەبەكان بۆ ئەوەی خۆیان بۆ پۆستی سەركردایەتی بخەنەڕوو، كە ئەمەش پاڵپشتی بە ئەندازەیەكی زۆر داهات دەكرێت. لە كۆتاییدا كێشەی فەلەستین، كێشەیەكی عەرەبییە و بە شێوەیەكی كارا خراوەتەگەڕ بۆ بەرجەستەكردنی سەركوتكاری و ناعەدالەتی ئەنجام دراو لەلایەن ڕۆژئاواوە دژ بە موسڵمانان بە شێوەیەكی گشتی. هەندێ لە چالاكان و تیوریزەكارە سەرەكییەكان لە زۆرێك لە ڕێكخراوەكاندا كەسانی فەلەستینی بوون.

*** لە وەڵامەی تۆ ئەوە دەردەكەوێت عەرەب لەبەر چەندین هۆكار رقی زیاتری بەرامبەر ڕۆژئاوا هەبێت، ئایا ئەم لایەنە تاچەند لەم بوارەدا ڕۆڵی گێڕاوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەكرێت زۆرێك لەو بێزاری و بێمتمانەییەی لە ئاست ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و بەریتانیادا هەیە، بگەڕێندرێتەوە بۆ سیاسەتی ئەو وڵاتانە لە ئاست ئەردەن و ئێرانی پەهلەوی و ئێرانی ئێستا و عێراقی بەعسی و لیبیا و میسر و عەرەبستانی سعودیە و مەغریب و وڵاتانی دیكەی موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كە تێیدا هەردوو هێزە مەزنەكە پشتیوانییان لە دیكتاتۆرەكان كرد، ئەو دیكتاتۆرانەی خەڵكی خۆیان ئیستیغلال دەكرد و سەركوتیان دەكردن. پێموایە سەرۆك ئۆباما هەوڵیدا خۆی لەوە بەدوور بگرێت، بەڵام ئاڵۆزییەكانی ناوچەكە كارێكی كرد گرتنەبەری ئەو رەوتە بێ پەراوێزخستن و نائومێدكردنی گرووپگەلێكی زۆر لە مەحاڵەوە نزیك بێت، بەتایبەتی بە رەچاوكردنی دۆخی سیاسی ناوخۆیی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەو رەوشە بە ڕاددەیەكی گەورە توانای مانۆڕكردنی ئەمریكای لە ناوچەكەدا سنووردار كرد.

**ئێستا كە ڕژێمە مەحەلییەكان لاوازن، و گەشەكردنی بەربەرییانەی داعش -كە لە ئەلقاعیدەوە گەشەی كردووە-، ئیستیغلالی ئەو واقیعەی كردووەو بەدڵنیاییەوە ئەمە مەترسییەكی بەپەلەتر و گەورەترە بۆ سەر سیستمی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**



# ڕووبەڕە نوێیەکانی حیقد



پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

هەروەک چۆن ڕەگەزپەرستی و ڕەوتی دژە جوولەکە لە گۆڕاندان، فەزاکانی ئەم دوو فۆرمە لە ڕق و کینەش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ڕاستە، ئەزموونی فەرەنسا تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەلیّ گۆڕانکاری هاوشێوە لە وڵاتانی دی ئەورووپاش بەدی دەکرێن.

بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر، ڕەگەزپەرستی بە دەوری پرسی عەرەب، و کوڕ و کچی کۆچبەرەکان-ەوە دەخولایەوە، ئەوانەی لە گەڕەکە میللی و پەراوێزخراوەکاندا نیشتەجێن.

ڕەگەزپەرەستی دژە عەرب پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕابردووی کۆلۆنیالی فەرەنسا و هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەوە هەبوو کە بەسەر ئابووری و پیشەسازیدا هاتبوون. فەرەنسا پێویستی بە <کرێکارانی کۆچەر> نەمابوو، چونکە کۆچی ئەم کرێکارانە ئیتر چیدیتر بۆ کار نییە، بەڵکو بۆ مانەوە و ئاکنجیبوونە لە فەرەنسا، هەروەک ڕاپۆرتی هێسێل ئاماژەی پێدەدا. ئینجا لەگەڵ نیشتەجێبوونی ئەم خەڵکە لە ناو گەڕەکە میللی و هەژارەکاندا، ڕق و کین و پێشداوەریە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانیش لە دژیان لە بەرەو هەڵکشاندابوون. شیاوی باسە، ڕەگەزپەرستی نەیدەتوانی ئیتر پشت بەو بیرۆکەیە ببەستێت کە گوایە عەرەب گەلێکە شیاوی بە کەم سەیرکردن و ئیستیغلالکردنە، بەڵکو پەنا بۆ بیرۆکەیەکی نویّ دەبات کە بەپێی ئەوە عەرەبەکان کاری فەرەنسییەکان دەدزن، ئەو فەرەنسیانەی دووچاری بێکاری و بێکاری پەردەپۆشهاتوون. جگە لەمە، شتێکی دیش هاتە سەر ئەم بارە و دەیانووت «ئەمانە (کرێکارە کۆچکردووەکان) لێرەن بە جیاوازیەکانیانەوە، هەرگیز ئەمانە تێکەڵی نەتەوە و کەلتووری فەرەنسا نابن. ئا ئیتر بەم شێوەیە، ڕەگەزپەرستی، هەروەک ئەوەی لە زمانی ئەو کاتەدا باوبوو، بەرگی ڕەگەزپەرستیەکی کەلتووری، جوداخواست-ی بە خۆیەوە گرت، واتە لێرەوە ڕەگەزپەرستیەکی میانڕەو سەردەردێنێت، کە دەشێت ناوی بنێن، ڕەگەزپەرستی نویّ.

لەم سۆنگەیەشەوە، کەلتووریش بەکاردەهێنرا بۆ دەستنیشانکردنی ئەوی دی وەک «ئەوی دییەکی ڕەتکراوە»، هەروەک چۆن لەم سەردەمەدا، زاراوەی بۆغ (بۆ نێر)، بۆغێت (بۆ میّ) یان بۆ ئەو منداڵ و گەنجانە بەکاردەهێنا کە باوانیان بەشێک بوون لە کرێکارە کۆچکردووەکان .

شیاوی باسە، لەو سەردەمەوە سیّ گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر پرسی ڕەگەزپەرستیدا هاتوون. گۆڕانی یەکەم بریتییە لە خلیسکانی مژاری «جیاکاری» بۆ نێو گفتوگۆ و مشتومڕە گشتییەکان. هاتنە ناوەوەی ئەم بابەتە کۆنکریتییە نەک هەر بۆ عەرەبەکان، بەڵکو بۆ سەرجەم کۆچبەرەکانی دیش گرنگی خۆی هەیە. بۆیە لێرەوە ئیتر هەر گرنگی بەو جیاکاریانە نەدەدرا کە لە دابەشکردنی خانووبەرە، یان چوونە نێو نادیەکی شەوانە، یان گرتنی کەسانێک بە هۆی ڕەنگی پێست و ڕووخساریانەوە هەست پێدەکرا، بەڵکو هەروەها لە بەدەستهێنانی هەلی کار و شوێنی کاریشدا. بەم چەشنە، ئەم بابەتە کۆمەڵیّ گفتوگۆی نوێی خوڵقاند، بە تایبەتی سەبارەت بەو ئامارانەی لە بارەی نەتەوەکان (ئەتنیک)ـەوە کرابوون. لەم گۆشەنیگایەوە، پرسی ئەوە دەکرا کە ئایا بۆ قەڵاچۆکردنی جیاکاری پێویستە ئامار بۆ نەتەوەکان بکرێت؟ لە ڕاستیدا، ئەم پرسیارە پرسیارێکی بونیادی و بنەڕەتی تری بە ناخیدا هەڵگرتبوو، ئەو پرسیارەی لە چوارچێوەیدا ڕۆشنبیران و بەرپرسە سیاسییەکان گفتوگۆیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئایا لە دۆخێکی وادا پێویستە «کۆماریخواز»، یان «دیموکراتخواز» بن.

دووەم گۆڕانکاری گرنگ بریتییە لە هاتنە پێشەوەی ئیسلام، هاوتا ئایین. واتە، لێرەوە، ڕگەزپەرستی «عەرەببوونی» منداڵی کۆچبەرەکان ناکا بە ئامانج، بەڵکو موسوڵمانێتیان. لەم سۆنگەیەشەوە، باس لە ئیسلامۆفۆبی [دژەئیسلامییەتی] دەکرا. بەڵام، ناکریّ ئایین تەنیا وەکو دیاردەیەکی کولتووری پێناسە بکریّ، چونکە ئایین و کەلتوور ئاوێتەی یەکترن. هەڵبەتە، ترس و نیگەرانی لە ئایین جێگای ڕەگەزپەرستی نەگرتەوە، بەڵکو بەرگێکی نوێی پیّ بەخشی.

گۆڕانی سێیەم کە زۆر گرنگ و ڕیشەییە، بریتییە لە سەرهەڵدانی پرسی ڕەشپێستەکان، بە تایبەتیش لە سەروبەندی پشێوییەکانی ساڵی ٢٠٠٥ـەوە. جا لەم کۆنتێکستە مێژووییەدا، کە هاوکات «ئەنجومەنی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ڕەشپێستەکان (CRAN)» و ڕێکخراوی «خەڵکە ڕەسەنەکانی کۆمار»شی تێدا لە دایکبوو، فەرەنسیەکان لە ئامادەیی ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەری فەرەنسی بە بنچینە ئەفریقی کە لە فەرەنسادا دەژین ئاشنابوون، ئەمە جگە لە ڕەشپێستەکانی گەرووی ئانتی. هەر لەوکاتەوە دیسان ڕەگەزپەرستی دەگەڕێتەوە سەر بنەما کلاسیکیەکەی و واتە، بۆ سەر پێوەرە فیزیکی و بیۆلۆژییەکان.

ئیتر، بارودۆخەکە دەگاتە ئاستێک منداڵێک ڕێگە بە خۆی دەدات وەزیری داد، خاتوو تۆبیرا، بە مەیموونێک کە خەریکی مۆز خواردنە بچووێنێت.

تۆ بڵێی ئەم ڕەگەزپەرستیە لەسەر بچمە کۆلۆنیالیەکەی دووبارە بووژاندنەوەی دیاردەیەک نەبێت کە تاوەکو ئێستا لە پانتاییە تایبەتیەکەیدا تاسێنراوبوو، پاشان دەکرێت دەستی تاوان بۆ ئینتەرنێت کە کەلتوورێکی نوێ و پانتاییەکی گشتی نوێی هێناوەتە کایەوە ڕابکێشین؟ شیاوی باسە، دەشێت بڵێین، ڕەگەزپەرستی شاراوە کەوتۆتە سەر ڕێچکەیەکی نوێ. دۆخی ئێستا بە دۆخی بیست ساڵ لەمەوپێش تەواو جیاوازە، یان دروستتر ڕەهەندێکی نوێی بەخۆیەوە گرتووە، ئەوەتا ئیتر لەمەودوا بەشێک لە ڕەگەزپەرستی تەرخانکراوە بۆ لێدانی ڕۆمەکان(لە زمانی باودا پێیان دەوترێت قەرەج)، هەندێکی تریان بۆ پەنجەخستنە سەر پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگایە، بە شێوەیەک هەر یەک لەو لایەنانەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشی ڕەگەزپەرستی هەم وەک قوربانی و هەم وەک تاوانبار پێناسەدەکرێن: جوولەکەکان وەک دژە موسوڵمان، یان وەک دژە ڕەشپێستەکان، ڕەشەکانیش وەک دژە جوولەکە، تاد.

هەڵبەتە، دژەجوولەکەگەراییش گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، یان دروست ئەو گۆڕانکاریەی پێش شەش حەوت ساڵ لەمەوبەر لە بارەیەوە تێبینی دەکرا، ئەمڕۆ بە تەواوەتی ئاشکراو زەقبۆتەوە. دیارە، دژەجوولەکەگەرایی لەلای ڕاستڕەوە کلاسیکیەکان بە جۆرێک هێوربۆتەوە، کە ئەمەش دەشێت پێوەندەی بە داکشانی هەستی دژ بە ئایینی جوولەکە لەلای مەسیحیەکان، کە دەستباڵان لەناو ڕاستڕەوەکاندا هەبێت، ئەوانەی هەمیشە جوولەکەیان وەک گەلێکی خواکوژ و گەلێک کە چوونە نێو مەسیحیەت ڕەتدەکاتەوە، تاوانبار دەکرد. هەمان دیاردە لەلای ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، کە هەڵبەتە لێرە مەبەستم مارین لۆپێن-ـە، بەدی دەکرێت، ئەم خاتوونە دەیەوێت بە شێوەیەکی ستراتیژی لە بەهریمەنکردنی جوولەکان دوور بکەوێتەوە. بەڵام لەلایەکیتر دژەجوولەکەگەرایی لە سێ بەشی کۆمەڵگای فەرەنسیدا مەیدانێکی نوێ بۆخۆی دەبینێتەوە. لەسەرەتادا، لەناو ئەو جەماوەرە کۆچبەرە جەزائیری، مەغریبی و تونس-ـیەکانن کە لە مەغریبەوە هاتوون. ئەو گرووپە بە دوو ڕەهەند چاو لە جوولەکە دەکەن. لەلایەک جوولەکە وەک ستەمکار لەبەرامبەر گەلی فەلەستین وەسف دەکەن، کە بێگومان ئەم کۆچبەرانە وەک بەشێک لە گەلی فەلەستین خۆیان هەژماردەکەن. جا لێرەشەوە، ئامانجەکە بریتییە لەوەی جوولەکە و ئیسرائیل وەک دوو ڕووی یەک دراو نیشان بدەن، هاوتا بۆ ئەو گرووپە، جوولەکە وەک ئەمریکای خۆرئاوا کە لەگەڵ ئیسلامدا لە جەنگدایە. لە دووەم شوێندا، لەلای دانیشتووانە ڕەشپێستەکانیش، ئەوانەی لە ئەفریقای سەحەری و ئەنتی-ـەوە هاتوون، جوولەکە بەوە تاوانبار دەکرێن کە گوایە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بازرگانیکردن بە ڕەشپێستەکانەوە و سیستەمی کۆیلەکردنیانەوە بینیوە، ئەمە جگە لەوەی بەوەش تاوانباریان دەکەن کە گوایە بە قسەکردن بە چڕوپڕی لە ئێش و ئازارەکانیان دەیانەوێت مۆنۆپۆلی کۆی نەهامەتی و کوێرەوەریەکانی مێژوو بکەن و بەمەش ئازاری گەلانی دی لە بیرببەنەوە.

لە سێیەم شوێنیشدا، دەشێت باسی بەشێکی تری کۆمەڵگاکە بکەین، کە هەڵبەتە پێناسەکردنی ئەمەیان ئاسان نییە. ئەم بەشە وەک دژە سیستم خۆی نمایش دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش جاڕی ئازادی ڕادەربڕین دەدات.

هەر بەم بۆنەیەوە دەشێت ئاماژە بە تێڕوانینەکانی ئالان فینکەیلکراوت بدەین، لە نووسینەکانیدا دەیەوێت پەردە لەسەر ڕەوتی «ئیسلامی-پێشکەوتووگەرا» هەڵبداتەوە، بەوەی ئەم ڕەوتە تێکەڵێکە لە چەپگەرایی جیهانی سێ کە تابڵێی دوژمنی ئیسرائیلە، لەگەڵ ئیسلامگەرایەک کە بەرەو توندوتیژی دەچێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە لە واقیعەوە دوورە. گەر تێکەڵیەک هەبێت، ئەوا تەنها لە نێوان ڕاستڕەوە توندڕەوە دژە جوولەکەکان و هەندێ لەو گرووپە ئیسلامگەراییانەدا هەیە کە تا چاوبڕبکات کۆنەوارخوازن (ترادیسیۆنخواز). بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەمەش دەشێت ئەو مشتومڕانە بێنینەوە یادمان کە بەم نزیکانە لەهەمبەر «تیۆری جەندەر» لە فەرەنسا ڕوویاندا کە تێدا ئیسلامگەرا کۆنەوارخوازەکان و ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە تەک یەکدا دژایەتی تیۆری جەندەریان دەکرد.

بە هەرحاڵ، گەر تا دە ساڵ پێش ئێستا وا دەزانرا کە ڕەوتی دژەجوولەکە دەرهاویشتەی ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، ئەوا ئێستا ڕوون بۆتەوە کە، پێوەندەی بە کۆمەڵگای فەرەنسا و پەرتەوازەبوونی سیستەمە سیاسییەکەیەوە هەیە.

**تێبینی:**

زاراوەی بوغ و بوغێت لە ڕاستیدا لە وشەی «عەرەب»ـەوە داتاشراوە. لە فەرەنسا گەنجان زۆرجار وشە و زاراوەکان بە هەڵاوگێڕی دەردەبڕین. بەم شێوەیەش وشەی «عرب» دەبێت بە «برع» دواتر بە لابردنی پیتی «ر» و زیادکردنی «ۆ» دەبێت بە «بۆغ». واتە لە جیاتی ئەوەی پێیان بڵێن عرب، دەڵێن بۆغ، کەئەمەش وەک سووکایەتی و کەم سەیرکردن.

---

**٭ سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**

**ئالان فینکەیلکراو لە نووسینەکانیدا دەیەوێت پەردە لەسەر ڕەوتی «ئیسلامی-پێشکەوتووگەرا» هەڵبداتەوە، بەوەی ئەم ڕەوتە تێکەڵێکە لە چەپگەرایی جیهانی سێ کە تابڵێی دوژمنی ئیسرائیلە، لەگەڵ ئیسلامگەرایەک کە بەرەو توندوتیژی دەچێت**

**ڕەگەزپەرستی نەیدەتوانی ئیتر پشت بەو بیرۆکەیە ببەستێت کە گوایە عەرەب گەلێکە شیاوی بە کەم سەیرکردن و ئیستیغلالکردنە، بەڵکو پەنا بۆ بیرۆکەیەکی نوێ دەبات کە بە پێی ئەوە عەرەبەکان کاری فەرەنسیەکان دەدزن، ئەو فەرەنسیانەی دووچاری بێکاری و بێکاری پەردەپۆش هاتوون**


MEMO



# تراژیدیای ئێزدییەکان قڕکردنی نەتەوەیەک



بابەشێخ خرتۆ:

**شانازی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە پارێزگاری لە عەرز و ناموسی کوردو کوردستانییەکان دەکەن**

ژینۆسایدی خەڵکی سڤیلی شنگال و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە لەلایەن تیرۆریستانی داعش و شۆڤێنیەکانەوە تەواوکەری زنجیرە کۆمەڵکوژیەکانی ئەنفال و پرۆسەی قڕکردنی نەتەوەی کوردە، ئەم تاوانە قێزەون و وەحشیگەرییە جیهانی بەئاگاهێنایەوە بەوەی ناوچەیەکی ئارام و شوێنێك بۆ پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەو ئایینزاکان کەوتۆتە بەردەم رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی جیهانییەوە. ناکرێت لەم چەرخەدا منداڵ و لاو و پیر و پەککەوتە لەسەر کوردبوون و ئایینیان بکوژرێن و ژن و کچەکانیشیان بڕفێندرێن و بەدەیان هەزار کەسیش بێ نان و ئاو لەچیای شنگال گەمارۆ بدرێن. گۆڤاری گوڵان ئاوارەکانی شنگالی بەسەرکردەوە تا وەکو لەنزیکەوە لەدەمی شایەتحاڵەکان چیرۆکە تراژیدیاکانیان ببیستین. لە پەرستگای لالش کە ٥٠٠ خێزانی ئاوارەی ئێزدی تێدا نیشتەجێن، هەر کەسەو چیرۆکێکی پڕ لەمەرگەساتی بەسەرهاتووە، کە بە نیگەرانی و خەمبارییەکی زۆرەوە باسیدەکەن.

«کاتژمێر ٢:٣٠ی نیوە شەو بوو داعشە شۆڤێنییەکان بە هاوەن پەلاماری گرزرێ و شێخ خدریان دا و چەندین منداڵ و ئافرەت و پیر و پەککەوتەیان کوشت و ترس و تۆقانێکی گەورەیان دروستکرد، کاتێکیش خەڵکی سڤیل رژانە سەر شەقامەکان و بەلێشاو رایان دەکرد، بە دۆشکەی سەر هامەرەکان گوللەڕێژیان کردن و ژمارەیەکی زۆری خەڵك کوژران، ئەوەی دەربازی بوو بۆ شاخی شنگال رایکرد، بە سەدان گەنج و لاویش بەدیل گیران و ئافرەتەکانیشیان ڕفاند». ئەوە قسەی کریت سەعدۆ بوو. ئەو پیاوێکی خاوەنی خێزانە و لە ئێستادا لە پەرستگای لالش دەژی. کریت بە هەناسە ساردی و خەمبارییەکی زۆرەوە باسی کوشتنی ئێزدییەکان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەکات و بێ سەروشوێنکردنی ئافرەتانیان چاوی پڕ لە فرمێسك دەکات و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە «سێ ئامۆزا»ی لەو هێرشەدا شەهید بوون.

جوندی ئەلیاس لاوێکی ئێزدییە و ئەویش باسی مەینەتییەکانی خۆیان لە سەر چیای شنگال دەکات و دەڵێت: «ئەوەی لە چیاکە بهاتایەتە خوارەوە، بێ بەزەییانە لە لایەن داعشەکانەوە گوللەباران دەکرا، ئەوەشی لەوێ مایەوە ژمارەیەکیان لە تینوویەتی و برسان و لەبەر دەم گەرمایەکی کوشندە گیانیان لە دەستدا». گوتیشی: «دوای ئەوەی پێشمەرگە چەند کاتژمێرێك شەڕیان کرد، تیرۆریستانی داعش پێشڕەوییان کرد و ئیتر خەڵکی رایانکردە سەر چیای شنگال، لەوێ بۆ ماوەی پێنج رۆژ و شەو لە چیا بێ نان و ئاو ماینەوە، ئەو کۆمەك و خواردنەشی کە لە رێگەی فڕۆکە فڕێدەدرایە خوارەوە، بەشی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی نەدەکرد، هەر بۆیە زۆر لە منداڵ و پەککەوتە و ئافرەت لەو چیایە مردن».

هەر لەوبارەیەوە خەلیل باپیر کە خەڵکی یەکێك لە کۆمەڵگەکانی شنگالە گوتی: «داعش و عەرەبە خۆفرۆشەکانی هاوکاری داعش بێشەرمانە شەڕی قڕکردنی ئێمەیان کرد، کار گەیشتە ئەوەی لە سەر چیایەك بانگیان کردینە خوارەوەو گوتیان: ناتانکوژین، کەچی کاتێك نزیك بووینەوە، بە دۆشکەی سەر هامەر و سەر بیکابەکان ئێمەیان دایە بەر گوللە و هیچ گوێیان بە گریانی منداڵ و هاواری ئافرەتەکانیشمان نەدا و ٦٤ کەسیان لێ کوشتین، ئەمە قڕکردن و سڕینەوەی ئێمەیە، ئیتر چۆن جارێکیتر متمانە بە پێکەوەژیانی عێراق بکەین؟ لەو بۆسەیەدا بێشەرمانە هەندێك ئافرەتیان بردین، نازانم چ ئایین و ویژدانێك رێگە بەو دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ناموسی نەتەوەیەك دەدات؟ داعشییەکان شەرم ناکەن و بۆ ئیهانەکردنی کوردان تەلەفۆن دەدەنە ئافرەتەکانمان لە موسڵەوە قسە لەگەڵ خێزانەکانیان دەکەن و دەڵێن ئێمەیان دەستبەسەرکردووەو دەمانفرۆشن. کێ قبووڵ دەکات کچەکەی بڕفێندرێت و کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێت؟ ئەوەتا یەکێك لەو ئافرەتانەی دەربازی بووە، بۆی گێڕاینەوە کە ژمارەیەکی زۆری کچەکانمان خۆیان کوشتووە، کچی ئێزدی تەعەدای لێبکرێت، خۆی دەکوژێت».

ئیتر فرمێسك و خەم ناخی خەلیل باپیری گرت و چیدی نەیتوانی قسە بۆ گوڵان بکات. بۆیە روومان کردە هەریەك لە عۆدیا رەشید و سەباح سەبری کە خەڵکی گوندی شێخ خدرێ بوون لە سنووری شنگال، ئەوان سەرەتا باسی ئەوەیان کرد کە خۆیان لەشەڕدا بوون لەگەڵ داعش، بەڵام «چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی و ژمارەی زۆریان و هاوکاری گوندە عەرەبەکان بۆ داعشەکان وایکرد تەرازووی هێز تێکبچێت و زیاتر لە ٥٠٠ کەسمان لێبکوژرێت»، جەختیشیان لەوە کردەوە کە «لەلایەن عەرەبەکانی ناوچەکە بە لۆری چەك و تفاقیان بۆ داعشەکان دەهێنا و ئەوانیش بەلێشاو بەدەستڕێژی گوللەی دۆشکە و قەناس گوللەبارانیان دەکردین و بەزەییان بەمنداڵ و ئافرەتەکانیشدا نەدەهات».

سەبری خەلەف وەك خۆی باسیکرد دانیشتووی سەنتەری شنگالە و ئەویش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی : «کاتژمێر نزیکەی سێی نیوەشەو بوو کەوتینە بەر پەلاماری تیرۆریستان، ٣٠٠ کچ و ئافرەتیان رفاندووین و تا ئێستا سۆراخیان نازانین، دەڵێن لەناو شار و گوندە عەرەبەکان داعشەکان کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکەن و هەندێکیان خۆیان کوشتووە، دیمەنی گریانی ژن و منداڵ و پیاوی پەککەوتە هەرگیز لە زهنیەتمان ناسڕێتەوە، هەبوو منداڵی لە برسان و لە تینویەتی دەگریا، هەبوو گیانی دەدا، زۆر ناخۆش بوو، منداڵان بێ شیر بوون، پیاوە بە تەمەنەکان لەبەرچاومان بەهێواشی گیانیان لەدەست دەدا».

شەمۆ خەلەف هاووڵاتییەکی دیکەی ئێزدییە و داوای دیاریکردن چارەنووس و گەڕانەوەی ئافرەتە رفێندراوەکانیان دەکات و دەڵێت: «داوا لە بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەکەین پێوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبە عێراقییەکان و سەرۆك هۆزەکان بەکار بهێنێت، تاوەکو دیلە ئێزدییەکان و بەتایبەتی ئافرەتەکانمان

بۆ دەرباز بکەن، دەنا هەرگیز و هەرگیز ئێمە ناتوانین لەگەڵ عەرەبێکی عێراقی بە هاوبەشی بژین». گوتیشی: «کەست دیوە ئافرەتی بڕفێنن و تەعەدا لە ناموسی بکەن و دەست بخاتەوە ناو دەستی ئەو عەرەبە شۆڤێنییانەی کە هاوبەشی جێبەجێکردنی ئەو تاوانە گەورەیە بوون؟».

هاشم خودێدا ئاوارەیەکی ئێزدییە و ئەویش بەمجۆرە باسی لە دڕندایەتی داعشەکان کرد «ئێمە دووجار ئەنفال کراین، جارێك لەبەر کوردبوونمان، جارێکیش لەبەر ئایینەکەمان».

رەنگە چیرۆکی تراژیدیای ئێزدییەکان زۆر بن، بەڵام ناخۆشترینیان دیمەنی ئەو دوو خوشکە تەمەن ٩ و ١٠ ساڵانە بوو، کە باسیان لە سەربڕینی باوکیان کرد. کچە تەمەن نۆ ساڵەکە لە ناو پڕمەی گریاندا گوتی: «چەندین چەکداری داعش لەبەر چاوی خۆم و خوشکەکەم لە باوکمیان دا و بەستیانەوە و دواتر سەریان بڕی، ئەو هەر هاواری دەکردو دەیگوت: بەس منداڵەکانم مەکوژن، دواتر گیانی دا و مرد».

ئەم دوو کچە دوای رۆیشتنی داعشەکان لەلایەن چەند خێزانێکەوە داڵدە دەدرێن و لەگەڵ خۆیان بردبوویانە سەر چیاکە و لەوێش لەلایەن ئافرەتێکەوە بەناوی گوڵی عەلی حوسێن کە ئاوارەی ئێزدییە بەخێو دەکرێن. گوڵی داوا لە خێرخوازان دەکات «هاوکاری ئەو دوو کچە منداڵە و منداڵە بێ دایك و باوکەکانی تریش بکەن، بۆ ئەوەی نەمرن».

ستافێکی گوڵان کە بۆ بەسەرکردنەوەی ئاوارەو لێقەوماوانی ئێزدی دەستنیشان کرابوون، لەو سەفەرەدا گوێبیستی بەسەرهاتی پڕ کارەساتی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە ئێزدییەکان بوون، کە دەوڵەتی تیرۆریستی داعش ئەو کارەساتانەی بۆی خوڵقاندبوون. هەر کامیان هەڵگری چیرۆکێکی دڵتەزێن بوون، گرانترین قوربانییان دابوو، ماڵ و خاك و زێدی خۆیان لەدەست دابوو، کۆمەڵکوژ کرابوون. ئافرەتانیان رفێندرابوون و لە بازاڕەکانی داعشدا مامەڵەیان پێوە دەکرا. بۆیە هەموویان ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە جارێکی دی متمانە بە عەرەبەکانی دەڤەرەکەیان ناکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوتبوو کە «ژمارەیەکی زۆری عەرەبی هاوردەی شنگال هاوکاری داعشەکان بوون و بگرە ئەوانیش تەقەیان لێکردبوون»، هەربۆیە ئەوان داوای پاراستنی نێودەوڵەتییان دەکرد. هەروەها مانەوەشیان لەو بارودۆخە ناهەموارە بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی هاتنی وەرزی زستان مەترسی بەهیلاکچوون و مردنی منداڵەکانیان هەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی زۆرە. ئەوان داوای جێگەی گونجاو و دۆزینەوەی کار و پێدانی بڕە پارەیەك دەکەن، تاوەکو بتوانن خواردن و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیانی پێ دابین بکەن. ئێزدییەکان زیاتر بیر لەچارەنووسی ئافرەتە رفێندراوەکان و مردنی منداڵەکانیان دەکەنەوە. ئەوان جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری نەخۆش و پەککەوتەو منداڵیان لەگەڵدایە، چەندین منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتیشیان هەیە. ژمارەیەك لە ئاوارەکانی ئێزدی داوای هێزی نێودەوڵەتی و ئەمریکییان دەکرد بۆ ئەوەی بێنە پێشەوە و بەرگرییان لێبکەن و شەنگال ئازاد بکەن و هێرشی بەربەری و دڕندانەی داعش و بە کرێگیراوەکانیان نەکرێتەسەر، ئەو کات بەوتەی ئەوان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شنگال و بە ئارامی شارەکەیان ئاوەدان بکەنەوە و لە مۆتەکەی قڕکردن دەربازیان بێت.

هەر لەچوارچێوەی بەسەرکردنەوەکەی گۆڤاری (گوڵان) دا سەردانی بابەشێخ خرتۆ مەرجەعی ئایینی گشتی ئێزدیمان لە شێخان کرد و سەبارەت بەو رەوشەکە بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: «ئەوەی بەرامبەر کوردانی ئێزدی کراوە، لە مێژوودا دەگمەنەو کارەساتی بەو شێوە دڕندانە و بێ بەزەیی و وەحشیگەرییانە روونەداوە. داعشەکان ئەو کوشتن و کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە ئێمەیان کرد، ژینۆسایدێکە دژ بە هەموو کورد، ئێزدییەکان قوربانییەکی زۆر گەورەیان دا، کوژران، کچیان رفێندرا، ماڵ و حاڵیان دزرا، دەربەدەر کران و لە برسان و تینویەتیدا لە چیا منداڵ و ئافرەت و پیاو و پەککەوتە گیانی لەدەست دا، ئێستاکەش لە بارودۆخێکی ناهەمواردا، لە کۆچە و کۆڵان و ناو بینایەی رووخاو و لە پەرستگا و شوێنە گشتییەکان و لەناو خەیمەدا دەژین و لەبارودۆخێکی زۆر خراپدان، هەربۆیە داوا لە سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکەم، بە هەموو هێز و تواناو بێ بەزەییانە رووبەڕووی داعش ببنەوە و ئەوانەی هاوکاریشیان کردن، بە توندی سزایان بدەن». گوتیشی: «ئێمە پێویستیمان بە پارێزگاری سەرکردایەتی کورد هەیە، پێویستە ئەم قڕکردنە بگەیەنرێتە مەحافیلە دەولییەکان و جیهان زیاتر لێی بەئاگا بهێنرێت و پیاوانی ئایینی و مامۆستا و زاناکان زیاتر بێنە قسە و کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی ریسوا بکرێت».

بابەشێخ خرتۆ لە درێژەی قسەکانیدا بە توندی ئیدانەی رفاندنی ئافرەتانی ئێزدی کرد و گوتی: «من نازانم چ مەزهەب و نەتەوەیەك ئەوەندە بێ غیرەتە کچ و ئافرەت بڕفێنێت و دواتر بیفرۆشێت، ئەوان مرۆڤی بێ گوناهن و دەسەڵاتیان نییە، خوا داوامان لێدەکات بە بەزەیی بین و تەعەدا نەکەینە سەر عەرز و ناموسی هیچ کەسێك. کوردستان بە درێژایی مێژوو شوێنی پێکەوەژیان و لێبوردەیی بووە، ئیتر بۆ چاویان پیا هەڵنایەت، هەرچی کەمینە و زۆرینەی نەتەوە و ئایین و ئایینزا هەیە، پەنای بۆ کوردستان هێناوە، لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوخەمی یەکتر بووین. هەربۆیە داواکارین هێزی نێودەوڵەتی ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەییەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت». گوتیشی: «من شانازی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە خوێن و قوربانی بەخشییە میللەتەکەی و پارێزگاری لە عەرز و ناموسی کورد و کوردستانییەکان دەکەن، ئەوان نەبوونایە تیرۆریستان لەهەموو شارێکی کوردستان شنگالێکی تریان دروست دەکرد



قایمقامی شێخان:

**پێویستە هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی شانبەشانی پێشمەرگە پارێزگاری لە کوردستان بکات و لە شەڕی دژی داعش و شۆڤێنییەکان راستەوخۆ بەشداری بکەن**



و خەڵتانی خوێنیان دەکرد».

لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا بابەشێخ خرتۆ گوتی: «ئەو کارە دڕندانەی داعش دەرهەق بە خەڵکی سڤیلی شنگال کردیان، کیمیابارانی هەڵەبجەمان بەبیر دەهێنێتەوە، هەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکان لە هەوڵی ئەوەدا بن، تاوانی شنگال لە ئاستی جیهانیدا بە ژینۆساید بناسێنن و بە فریای لێقەوماوەکانی کوردی ئێزدی بکەون، چونکە ئەوان لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین و باری دەروونییان تێکچووە، بەهاتنی وەرزی زستانیش بەهیلاك دەچن و ڕۆژانە لێرەو لەوێ منداڵ و پیاوی بەساڵاچوو و پەککەوتە دەمرن».

لەلای خۆیەوە قایمقامی شێخان (ئیسماعیل مستەفا)، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان سەرەتا هێمای بۆ ئەوە کرد کە «ئەو کارە قێزەونەو کومەڵکوژیی ئێزدییەکان ترس و تۆقانێکی وای دروستکرد، بەلێشاو خەڵکی ماڵ و زێدی خۆیان بەجێهێشتووە و ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی کوردستان کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەلایەن داعشەوە داوایان لێکرا ببنە موسڵمان، ئەگینا دەکوژرێن و کچەکانیشیان دەڕفێنن». گوتیشی: «هەموو خێزانێکی ئێزدی مەینەتی و مەرگەساتێکی گەورەی بەسەر هاتووە و لە بارودۆخێکی خراپی تەندروستیدان و لە ڕووی دەروونییەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەبەر چاویان کۆمەڵکوژی کراوە و بەدرێژایی مانگێك خۆشەویستانیان لەبەر چاویان لە برسان و مەینەتی مردوون»، جەختی لەوەش کردەوە کە «لەگەڵ بوونی ئەو هەموو پەناهەندە و ئاوارەیەی کوردستان و بڕینی بودجە و گەمارۆی عێراق و شەڕی دەوڵەتی داعش هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم دۆخە ناهەموارە کارێکی ئاسان نییە»، گوتیشی: «گەر بە ڕێکوپێکی تاوانەکانی داعش لەم ناوچە کوردستانییانە تۆمار بکرێت و بە دیکۆمێنت بکرێن و بە دنیای دەرەوە بناسرێنرێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەك جیهان قبوڵی ناکات لەم سەردەمەدا کاری وا قێزەون و ژینۆسایدی نەتەوەیەك بەو چەشنە ئەنجام بدرێ».

قایمقامی شێخان ئەوەشی خستەڕوو کە نزیکەی شەش هەزار خێزانی دیکەی ئێزدی ڕوویان لەسەنتەری شێخان کردووە و تەنیا لە پەرستگای لالش ٥٠٠ خێزانی تێدا نیشتەجێ کراون. گوتیشی: «تەنانەت خەریك بوو خەڵکی سەنتەری شێخانیش ئاوارە بن، بەڵام نەبەردی و خۆڕاگری پێشمەرگە بوو، نەیهێشت داعشەکان و بە کرێگیراوەکانیان زیاتر زیان بەم دەڤەرە بگەیەنن». ئەوەشی دووپات کردەوە کە بارودۆخی ئاوارەکان باش نییە، چونکە «خێزان هەیە پیاوەکەی شەهید بووە، یان جگەرگۆشەکەی مردووە، هەشمانە ئافرەت و کچەکانیان ڕفێندراوە، تەنانەت خێزانمان هەیە ئەندامەکانیان لەیەکتر دابڕاون و خێزان هەیە منداڵی بێ دایك و باوك بەخێو دەکات، ئەوان بێ پارەو جلو بەرگ هەڵهاتوون و زیانی گیانی و ماددی و دەروونی زۆریان پێ گەیشتووە، ئەو تاوانە ڕەشەکوژییە تەنیا بەسەر ئێزدییەکاندا نەهاتووە، بگرە کوردی شەبەك و کوردستانییەکان و کریستیانەکان و هەموو پێکهاتەکانی تری کوردستان لەم ناوچانەدا کەوتوونەتە بەردەم ئەنفالێکی تر، پێویستە کارەساتەکە وەکو خۆی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیێندرێت، تاوەکو جارێکی تر کوردەکان ئەنفال و ژینۆساید نەکرێن و ئیتر لە عێراقدا کۆمەڵکوژ نەکرێن».

ئیسماعیل مستەفا بە پێویستی زانی هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی شانبەشانی پێشمەرگە پارێزگاری لە کوردستان بکات و لە شەڕی دژی داعش و شۆڤێنییەکان ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن». گوتیشی : «ڕاستە ئێمە وەکو حکومەت و خەڵکی کوردستان و خێرخوازانی میللەتەکەمان و پیاوانی ئایینی بە دەنگ برا ئاوارەکانەوە هاتین و یارمەتی و کۆمەکیانمان کردن و شوێنی نیشتەجێبوون و پێداویستییە سەرەکیەکانمان بۆ دابین کردن، تەنانەت لەلایەن مامۆستایان و پیاوانی ئایینی ئیسلامەوە دەرگای مزگەوتەکانیان بۆ واڵاکردن و لە ڕووی تەندروستییەوە تیم و بنکەی تەندروستی گەڕۆکیان بۆ دانرا، هەروەها لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی بارزانی و ڕوانگەوە هاوکاری باش کران و ژەمی خواردنیان پێشکەش کرا، ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە بە جوانی ناوچەکەی پاراستووە و پارێزگاری لە ڕەوشی ئارامی و ئاسایشی هاونیشتمانیان دەکات، بەڵام پێویستمان بە کامپ و هاوکاری نێودەوڵەتی و ئازادکردنەوەی شوێنەکانیان و دوورخستنەوەی داعشەکانە لەسەر سنوورەکانی کوردستان و پێویستە هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی پارێزگاری لە کوردستان بکات و لە شەڕی دژی داعشەکان و شۆڤێنیەکانیش ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن».



کچێکی ئێزدیی:
**چەندین چەکدار لەبەر چاوی خۆم و خوشکەکەم باوکمیان سەر بڕی**

## دیندار زێباری:

# کۆمەک و پشتگیری نێودەوڵەتی هەتا ئێستا له ١٠٪ی پێداویستی ئاوارەکانی دابینکردووه

دیندار زێباری، جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندیەکانی دەرەوە بۆ کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لێپرساوی فایلی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان، سەبارەت بە هەوڵەکانی بە ژینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی کوردانی ئێزدی و ڕەوشی ئاوارەکان و ئەو ڕاسپاردەو بڕیارانەی کە ڕەنگە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەرەتای ساڵی داهاتوو دەربچێت، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕاو سەرنجەکانی خستەڕوو.

دیندار زێباری، جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندیەکانی دەرەوە بۆ کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لێپرساوی فایلی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان، لە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان هێمای بۆ ئەوە کرد کە «شاڵاوی ژینۆسایدی کوردانی ئێزدی لە شنگال، دوای زنجیرەیەك کۆمەڵکوژی دیکە هات کە تیرۆریستانی داعش دژ بە کوردی شەبەك و کریستیانەکانی موسڵ و عێراق ئەنجامیاندابوون، ئەمەش کارەساتێکی گەورەی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو، هەر بۆیە دوای ئەم زنجیرە کۆمەڵکوژییە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی قەوارەی ئەم کارەساتە بە جیهان بناسێنن، دوای ئەمەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتەدەنگ و نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و کوردستان بە ڕێگەی ٤٤ پسپۆڕی تایبەت ئەرکی چاودێریکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤیان گرتەئەستۆ، چەندین جاریش کارە تیرۆریستی و دڕندانەکانی داعشیان سەرکۆنە کرد»، گوتیشی : «لە١٢ی ئاب ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ هەڵوێستێکی بەرامبەر گروپی تیرۆریستی داعش نیشاندا و تاوانەکانی ئەو تیرۆریستانەی بە ژینۆساید هەژمار کرد، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم ژینۆسایدەی کوردستانییەکان بچێتە هەنگاوی پڕاکتیکی و وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی بناسرێت و کارەساتەکە ڕوونەداتەوە، لە ٢٠ی ئاب ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی لایەنی عێراقیش بەشداریمان لە لیژنەی تایبەتی (نەهێشتنی پاکتاوی ڕەگەزی و جیاوازی نەتەوەیی ) نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف کرد، لە ڕۆژی ٢٤ ئاب هەمان لیژنە ڕاسپاردەی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، ئەم ئەنجومەنە کە یەکێکە لە ئەنجومەنە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیان ٤٧ ئەندامە، بە کۆی دەنگ ڕاپۆرتەکەی (ژنێف)یان پەسەند کرد. ئەوانیش ڕۆژی یەکی ئەیلوول بڕیاریان دا لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان بنێرن بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، تاوەکو بە شێوەیەکی کرداری لێکۆڵینەوەی خۆیان ئەنجامبدەن».



دیندار زێباری زیاتر گوتی: «گومانم لەوەدا نییە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپشت بەستن بە ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانی لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، بیر لە چاودێرییەکی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق دەکاتەوە و سەروەریی ئەم وڵاتەش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە نەیتوانیوە پارێزگاری لە هاووڵاتیان و پێکهاتەکانی بکات، هەربۆیە بیر لەمیکانیزمێك دەکرێتەوە بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی عێراق بەگشتی و کوردستانیەکان و پێکهاتە کەمە نەتەوەییەکان بەتایبەتی».

زێباری جەختی لەوەش کردەوە کە «شەڕی دژی دەوڵەتی تیرۆریستی پێویستی بە هەنگاوی گەورەتر و پشتگیری زیاتر هەیە»، گوتیشی: «کێشەی ئەو ئاوارانە بە کردنەوەی کەمپ و هاوکاری سنووورداری نێودەوڵەتی و ئیمکانیەتی کەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر نابێت، هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان تەنیا لە ١٠٪ی پێداویستییەکانی ئاوارەکانی لەهەرێمی کوردستان دابین کردووە و زیاتر خەڵك و خێرخوازانی کوردستان و حکومەتی هەرێم هاوکاری و یارمەتی ئاوارەکانیان داوە. نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەکو چارەسەرێکی کاتی ئێستا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی کردنەوەی ٢٠ کەمپی نوێن لە هەرێمی کوردستان و کاتی ئەوەهاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری مرۆیی و سەربازی و سیاسیی کوردستان بکەن بۆ پاراستنی ئەو پێکەوەژیان و ئارامی و ئاسایشەی کە هەرێمی کوردستان چەسپاوە. لەناوچەیەکی ئاڵۆزی پڕ لە کێشمەکێش کوردستان بووەتە پەناگەی لێقەوماوان و خەڵکی سڤیل و بە گەیشتنیان بۆ کوردستان لە هەڕەشەی لەناوچوون و قڕکردن دەپارێزرێن».